# ناوئاخن

چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە 9
سەرەتا 11
گەلی کورد بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستان 17
جەنگی دووەمی جیهانیی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان 24
سیاسەتی دوو لایەنەی سەرکردەکانی مۆسکۆ و کۆماری ئازەربایجان لە... 34
بانگکردنی ٣٠ سەرۆک خێڵ و پیاوماقوڵ بۆ باکۆ 40
کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان 45
مۆلۆتۆڤ هەڕەشەی توند لە کورد و سەرۆک خێڵە کوردەکان دەکات 49
کۆنفرانسی تاران 59
سیاسەتی سۆڤیەت سەبارەت بە ئێران، گۆڕانی بەسەردا دێت 60
دامەزراندنی پەیوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەگەڵ ... 65
مهاباد شوێنی بە ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 70
خەبات بۆ نەوت و گەشتی کاربەدەستانی ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ تاران 76
یەکیەتی سۆڤیەت هەوڵی بەڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی ئازەربایجان دەدات ... 84
حیزبی تودەی ئێران دژی دامەزراندنی حیزبی سەربەخۆ بۆ... 90
بڕیاری پێکهێنانی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی نەتەوەیی لە... 96
کۆنفرانسی یالتا 101
کۆنفرانسی پۆتسدام 103
بە کۆتا هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی 105
دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات 107
بانگهێشتی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ باکۆ 113
دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان 118
بزوتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان بەرەو گەشەکردن 131
فیرقەی دیموکرات حکومەت دادەمەزرێنێت و... 137
داگرتنی ئاڵای ئێران لە مهاباد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان 143
کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوە لە مۆسکۆ(١) 156
کۆمیسیۆنی سێ لایەنە دەربارەی ئێران 161
خەباتی ڕۆشنبیریی و دانانی چاپخانە و بڵاوکردنەوە ڕۆژنامە و گۆڤار 164
پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان 171
حکومەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە نێوان ... 175
دانانی خوێندنگە بە زمانی کوردیی 187
ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان 194
بڕیارە پەسەند کراوەکانی دووی ڕێبەندان 227

سوێند خواردنی قازی محەمەد و بەشدارانی میتینگی دووی ڕێبەندن 230
لە درێژەی پرۆگرامەکانی دووی ڕێبەنداندا 234
دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەتی کوردستان 241
قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان 245
یاسا و دادوەریی لە کۆماری کوردستاندا 249
بە دەسەڵات گەیشتنی قەوامولسەڵتەنە و... 252
شەریکەی تەرەقی 256
هێمای حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان 259
ڕێکخراوی لاوان و ژنانی کۆماری کوردستان 260
چوونی ئەحمەد قەواموالسەڵتەنە بۆ سۆڤیەت 264
پەیوەستبوونی بارزانییەکان بە کۆماری کوردستانەوە 271
ناردنی خوێندکار بۆ زانکۆی ئەفسەریی باکۆ 281
بڕیاری کشانەوەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران 284
کاردانەوەی بڕیاری سۆڤیەت سەبارەت بە کشانەوەی لە ئێران 293
هەڵوێستی پیشەوەریی بەرامبەر بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ... 297
یەکیەتی سۆڤیەت ئێران بەجێدەهێڵێت و... 307
سوپای ئێران پەلاماری هێزەکانی فیدایی دەدات 311
پەیمانی دوو لایەنە لە نێوان حکومەتی کوردستان و ئازەربایجاندا 316
دانانی ڕادیۆ لە تەورێز 320
دانانی ڕادیۆ و سینەما لە مهاباد 322
وتووێژی نوێنەرانی کورد و ئازەربایجان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا 328
نامەی ستالین بۆ پیشەوەریی 334
هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر پێشمەرگەکانی قاراوا 338
سوپای ئێران ئەم جارە خۆی لە ناوچەی سەردەشت تاقیدەکاتەوە 341
وتووێژی نوێنەرانی کورد و فەرماندەکانی سوپای ئێران لە سەقز 343
نوێنەرانی کوردستان و تاران لە سەقز 344
ڕێککەوتنی تاران و ئازەربایجان، دەست لە کار کێشانەوەی پیشەوەریی... 347
سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە بەرەی سەقز، مامەشە و میرەدێ 351
وتووێژی پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ قەواموسەڵتەنە 354
ئازەربایجان و کوردستان بەرەو مەترسی 361
شەهیدبوونی محەمەد نانەوازادە ... 367
گەشتی پێشەوا قازی محەمەد بۆ ورمێ 371
حیزبی دیموکراتی کوردستان داوای بەشداربوون لە... 375
فەرمانداری مهاباد یادی شۆڕشی مەشروتەی ئێران دەکاتەوە 377
نومایشی سەربازیی بە بێ دروشمی سەربەخۆیی کوردستان 380
ڕۆژە دژوارە چاوەڕوانکراوەکان هاتن 382

# چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە

دوای نوسینی کتێبی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"، بڕیارمدا لەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەی کە سەبارەت بە کۆماری کوردستان لە لامە، کتێبێک دەربارەی کۆماری کوردستان بنوسم، بەڵام کاتێک بەسەر بەڵگەنامەکاندا چوومەوە، بۆم دەرکەوت کە بەتەنیا بەڵگەنامەکان، ئەو مەبەستە ناگەیەنن کە من لە مێشکمدا کۆمکردووەتەوە و ناتوانن کۆماری کوردستان لە واقیع و ڕاستییەکان جیابکەنەوە، تا کتێبێکم دەستکەوت کە دەربارەی کۆماری ئازەربایجان نوسرابوو.

ئەو کتێبە وەرگێڕاوی دوو کتێبی زۆر بە نرخی پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی لێکۆڵەری ئازەربایجانی باکور بوو، بە ناوی (ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە سالانی ۱۹۳۹ - ۱۹٤٥) و **(دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ۱۹٤٥- ۱۹٤٦) کە بە سودوەرگرتن لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیڤی یەکیەتی سۆڤیەت و حکومەتی ئازەربایجانی باکور و باشور نوسیویەتی و مەنسور همامی لە زمانی ئازەرییەوە وەریگێڕاون بۆ زمانی فارسیی و لە کتێبێکدا بە ناوی (فراز و فرود فرقە دیموکرات آذربایجان)**، واتە بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، بڵاویکردونەتەوە.

خەریکی وەرگێڕانی ئەو کتێبە بووم بۆ زمانی کوردیی کە پێشنیازی کۆڕێکیان بۆ کردم، ڕۆژی ۲۰۱۰/۹/۱۲ دەربارەی (کۆماری کوردستان و ڕۆڵی بارزانییەکان لە کۆماردا) بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی بانگکراو لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید قسە بکەم. دوای تەواوبوونی ئەو کۆڕە، سێ کەس لە بەشدارانی کۆڕەکە کە خەریکی خوێندنی دوکتۆرا بوون لەسەر کۆماری کوردستان و شۆڕشەکانی بارزان، هاتنە لام و گوتیان تا ئێستا ئێمە دەستمان بەو بەڵگەنامانە نەگەیشتووە و زۆر زۆر پێویستمانە و داوات لێ دەکەین، بڵاویان بکەرەوە.

دوای وەرگێڕانی کتێبی بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، هەموو کاتی خۆم بۆ نوسینی (کۆماری کوردستان لە نێوان

واقیع و ڕاستییە شاراوەکاندا) تەرخانکرد کە بتوانم بە بۆنەی شەست و پێنجەمین ساڵی کۆماری کوردستانەوە بڵاویبکەمەوە.

بۆ گەلی ئێمە و بەتایبەتیی بۆ ئەو کۆمەڵە خوێندکارانەی کورد کە لە زانکۆکانی کوردستان و وڵاتانی تردا دەخوێنن، گرنگە کە بزانن کۆماری کوردستان چۆن ستروکتورێکی هەبووە؟ ئایا کۆمارێکی سەربەخۆ بووە؟ یان کۆمارێکی خودموختاریی بە بێ دەزگاکانی یاسادان، بەڕێوەبەریی و دادوەریی، یان بزوتنەوەیەکی حیزبیی بووە بە کۆمەڵێک چاکسازیی و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی؟ یان هەر سێی ئەوانە؟

زانینی ڕاستییەکان لە سەر کۆماری کوردستان، فیداکاریی پێشەوا قازیی محەمەد و هەڤاڵانی، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانیی و پێشمەرگەکانی هێزی بارزان لە لایەک و خەیانەتی ستالین و کاربەدەستانی مۆسکۆ، ئەمریکا، ئینگلیز، تورکیا و ئێران لەلایەک و خەیانەتی سەرۆک خێڵە خۆبەدەستەوەدەرەکان لەو سەردەمەدا لەلایەکی تردا، بۆ هەموو کوردێکی خەباتکەر و دڵسۆز بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی داگیرکراودا، پێویستە.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم، بۆ ئەوەی کە کتێبەکەم لە کاتی دیارییکراودا بڵاوببێتەوە، دۆست و برای خۆشەویستم کاک نەوزاد وەلی، سەرەڕای ئیشوکاری زۆری، زۆر بە جیددیی و شێلگیرانە، بەسەر بەش بەشی نوسراوەکانمدا چووەتەوە و وەک هەمیشە هەڵەکانی بۆ بژار کردووم. کاک ماردین ئیبراهیمی وێنەکانی بۆ ئامادەکردووم و هەژار گەوهەری لە مۆنتاژکردنیدا هاوکاریی کردووم. بەم بۆنەیەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی کاک نەوزاد و ئەو دوو خۆشەویستانە دەکەم.

حامید گەوهەی

٢٠١٠/١٢/١

عێراقــدا، نەتــەوەی کــورد زۆر چــالاکیی ڕێکخراوەیــی بــە شــێوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی پیشەیی و سیاسی هەبوو. ساڵی ۱۹۲۰ بە گوێرەی پەیمانی "سیڤەر"، هەلێکی لەبار بۆ کورد ڕەخسا کە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، بەڵام گەیشتنی مستەفا کەمال بە دەسەڵات لە تورکیا و مۆرکردنی پەیمانی "لۆزان" لە ساڵی ۱۹۲۳، ئەو ئاواتەی گەلی کورد کوێر بۆوە و بۆ ماوەی نزیکەی ۷۰ ساڵ، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو کێشەیەی لەبیر خۆی برد و بزوتنەوەکانی کوردستان بۆ دەوڵەتانی بە ناو سۆسیالیستیی و وڵاتە سەرمایەدارەکان، بوون بە بازاڕی سەودا و مامەڵە پێکردن و هەرجارەی لایەنێک بەقازانجی خۆی کەڵکی لە کێشەی کورد وەردەگرت، تا سەرئەنجام ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی ناوی پیرۆزی سۆسیالیزمیان لەسەر خۆیان لابردو ئاگری شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان کوژاندەوە.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی، کوردستان زۆر ئاڵوگۆڕی نوێی سیاسی بەسەردا هات. ڕەزا پەهلەویی ساڵی ۱۹۲۱ لە ئێران بە دەسەڵات گەیشت و لە ۲۵ ی ئوکتۆبەری ساڵی ۱۹۲۲ دا، بۆ تواندنەوەی کورد، پەیمانێکی هاوکاریی لەگەڵ مستەفا کەمال مۆر کرد. ساڵی ۱۹۲۵ سوپای ئێرانی نوێکردەوە و بە شێوەیەکی مۆدێرن ڕێکیخست و سیستمی سەربازیی بە زۆر "ئیجباریی"، دامەزراند. فەرمانی چەککردنی گشتیی خێڵەکانی ڕاگەیاند و خێڵەکانی چەککرد. خێڵی "جەلالی"ی لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ "قوچان" و دەوروبەری "مەشهەد". پۆشینی جلوبەرگی کوردیی یاساخ کرد و نەیهێشت لە دەزگا حکومییەکان، خوێندنگەکان و شوێنە گشتییەکانی کوردستاندا کورد بە زمانی زگماکی بدوێن. بزوتنەوەکانی سمایل ئاغای سمکۆ، مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕیی، جافر سوڵتانی هەورامیی و حەمە هەتیوی لە مهاباد سەرکوت کرد. مەلا خەلیل، مەلایەکی ناسراوی ناوچەی مەنگوڕایەتی مهاباد بوو کە دژی یاساخکردنی جلوبەرگی کوردیی ڕاپەڕیبوو، بەڵام دواتر چووە ژێر فەرمانی حکومەتی تارانەوە.

مستەفا کەمال ساڵی ۱۹۲۲ بە پشتگیریی کورد، دەوڵەتی کۆماریی تورکیای دامەزراند. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتەکەیەوە، دژی کورد ڕاپەڕی و خێڵە کوردەکانی چەککرد و کۆمەڵێکی زۆری لە

کوردستاندا کە هەر بە خەیاڵی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بوون، بە چەشنی ڕوناکبیرانی وڵاتان کە بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەر، بەرەو دامەزراندنی ڕێکخراوی مەدەنیی، فەرهەنگیی و سیاسی چوون و بەپێی بارودۆخی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەریی هەنگاویان هەڵگرت.

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا، بە زانیاریی لەو بیرە ڕزگارییخوازییە هەڵقوڵاوە لە ناو ڕوناکبیرانی نەتەوەی کورددا، ڕێیان نەدا گەلی کورد بە شێوەی دیموکراتیی و بە ئاشکرا باسی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی خۆی بکات و بۆ بەرگرییکردن لەو خواستە، هەوڵیانداوە کوردی ڕزگارییخواز بە جیاوازییخواز بناسێنن و خەبات، تەنانەت ویستە سەرەتاییەکانی، لە چوارچێوەی نەرمونیانیی لابدەن و بە چەک وەڵامی داواکارییەکانی بدەنەوە. هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان بۆ داسەپاندنی ئەو سیاسەتە، تەنیا چوارچێوەی دەسەڵاتداریی خۆیانی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو سەرەڕای گشت ناکۆکییەکانیان، بۆ کپکردنی دەنگی کورد، هەمیشە بە یەکەوە هاوکاریی یەکتریان کردووە. بۆ نمونە، سێ دەوڵەتی ئێران، تورکیا و عێراق لە مانگی جونی ساڵی ۱۹۳۷ دا لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان یەکیان گرت و بە بەشداریی نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیز لە کۆشکی "سەعدئاباد"ی تاران کۆبوونەوە و پەیمانێکی دە خاڵییان واژۆکرد کە لە مێژوودا بە پەیمانی سەعدئاباد دەناسرێت. ئەو دەوڵەتانە لە بەندی حەوتی پەیمانی سەعدئاباددا بەڵێن دەدەن کە هیچ جموجوڵێکی چەکداریی دژ بە خۆیان لە ناوچەکەدا نەهێڵن و ڕێی تێکۆشانیش بە هیچ ڕێکخستنێک نەدەن کە دژی بەرژەوەندی ئەوان پێکبێت.

هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان لەیەکتر بپچڕن، پاراستن و دابینکردنی ئاساییشی سنورە دەستکردەکانیان کرد بە خاڵی سەرەکیی پەیمانەکەیان[١].

بەرلە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، لە باشوری کوردستان کۆمەڵەیەک دامەزرا کە ناوی "کۆمەڵەی لاوان" بوو. ئەو کۆمەڵەیە ساڵی ۱۹۳٤ گۆڤاری "دیاریی لاوان"ی بڵاوکردەوە. ساڵی ۱۹۳٥ کۆمەڵەیەکی

نهێنــی لــە سلێمانیی دامــەزرا کــە نــاوی "کۆمەڵــەی پێشڕەوی نیشتمان" بوو[٢]. هەرچەندە ئەو دوو کۆمەڵەیە نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام توانییان کوردە ڕۆشنبیرەکانی بەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هانبدەن کە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانیی هەنگاوبنێن. لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا، "کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستان" وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مانگی جونی ساڵی ١٩٣٨ دا لە دایک بوو. ئەوانەی وەک دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان ناویان لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە، بریتین لە: عەزیز زەندیی، حوسێن فروهەر، حوسێن میکائیلی، کەریم یاهو، غەفور مەحمودییان.

کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە دیکتاتۆریی ڕەزا شای پەهلەویی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشابوو. ڕەزا شا دەیویست بە هاوکاریی مستەفا کەمال "ئەتاتورک"، نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بتوێنێتەوە. لەبەرئەوەی کە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی تەواو نهێنی بووە و دەزگای ڕاگەیاندنی چاپ و بڵاوکردنەی ڕۆژنامە و گۆڤاری نەبووە، بەڵگەیەکی لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشان، یان گۆڕینی ناوی لێ بەجێنەماوە. کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان دوای داگیرکردنی ئێران و کوردستان لە لایەن هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بە هۆی ناکۆکیی لە نێوان ئەندامانیدا، هەڵوەشا و ڕۆژی ١٣٢١/٥/٢٥ (١٩٤٢/٨/١٦) کۆمەڵەیەکی تر جێی گرتەوە کە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" بوو.

قاسم ئێلخانی زادە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دامەزراندنی پەیوەندیی کۆمەڵەی ژێکاف لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا، لە دانیشتنێکیدا ئەم دیاردەیەی بۆ حەسەنۆڤ سەر کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز ڕونکردەوە کە کۆمەڵەی ژێکاف هەمان کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانە و تەنیا ناوی خۆی گۆڕیوە. "ماکسیمۆڤ. م"

بـاڵیۆزی سـۆڤیەت لـە تـاران، لـە ڕاپـۆرتێكی ڕۆژی ١٩٤٤/١١/١٣ (١٣٢٣/٨/٢٢) دا، ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی حەسەنۆف دەكات و دەنوسێت:

**- (بەپێی ڕاپۆرتی هاوڕێ حەسەنۆف كە لەگەڵ قاسم ئێلخانی زادە سەبارەت بە پارتی ژێكاف هەیبووە، وا دەردەكەوێت كە ئەم پارتە پێش هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران لەدایكبووە.)** ماكسیمۆف ئینجا لە كەوانەدا دەڵێت: **(مەبەست لە پارتی ئازادیی‌خوازی كوردستانە[٣].)**

جگە لە قاسم ئێلخانی زادە كە بە شێوەیەكی باش لە لای حەسەنۆف ئاماژەی بۆ كۆمەڵەی ئازادیی‌خوازی كوردستان كردووە و چۆنیەتییەكەی لە ڕاپۆرتی ماكسیمۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە، هەیئەتی ناوەندیی كۆمەڵەی ژێكاف لە هەموو ڕاپۆرتەكانیدا بۆ یەكیەتی سۆڤیەت، مێژووی خەباتی كۆمەڵەی ئازادیی‌خوازیی بە ناوی خۆیەوە تۆماركردووە، تەنانەت لە ڕاپۆرتێكیدا بۆ "مۆلۆتۆف" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، دەربارەی هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو خاكی كوردستان، نوسیویەتی:

**- (بە بۆنەی هاتنی لەشكری سورەوە بۆ مهاباد، حیزبمان بەیاننامەیەكی نوسی و دەست بە دەست بڵاویكردەوە و ڕایگەیاند هەر كەس ئەم بەیاننامەیەی پێدەگات، دانەیەكی لەبەر بنوسێتەوە و بیدات بە كەسێكی تر. حیزبی ئێمە لەو بڵاوكراوەیەدا لەشكری سوری بە ناوی لەشكری ئازادكەری نەتەوەی كورد ناساند. دوای هاتنی لەشكری سوری سۆڤیەت بۆ ئێران، دەركەوت حیزبی ئێمە لە ناو حیزبەكانی تردا، حیزبی هەرە پێشكەوتووی دژ بە فاشیست بووە.)**

كورد لە قۆناخی پێش شەڕی یەكەمی جیهانییدا، بە تەواویی لە شار و گوندەكاندا نیشتەجێ نەبووە و دوای شەڕیش هەرچەندە گوندێكی زۆر لە كوردستاندا سازكرابوون، بەڵام بەشێك لە دانیشتووانی كوردستان بەپێی پێویستییەكانی ژیانی ئاژەڵداریی، ناچار بوون ڕوو لە ژیانی كۆچەریی بكەن و چەند مانگێكی ساڵ لە كوێستانەكاندا بژین. ڕۆژهەڵاتناسی ڕوس "مینورسكی" لە "دائیرەتولمعارفی ئیسلامیی" ساڵی ١٩٢٥ دا دەڵێت: **(ژمارەی كورد لە كوردستانی ئێران نیو ملیۆن و لە كوردستانی توركیا یەك ملیۆن و نیوە[٤].)** بەپێی سەرژمێریی ساڵی ٢٣- ١٩٢٤ لە عێراق، ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای موسڵ ٤٩٤٠٠٧ كەس بووە. لەو ژمارەیە

١٨٩٠٠٠ کەسیان لە ناوچەی سلێمانیی و ١٧٠٦٥٠ کەسیشیان لە ناوچەی هەولێر بوون. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا، نزیکەی نۆ ملیۆن کەس(٥) بووە کە لە ڕووبەری ٥٤٣ هەزار کیلومەتری چوارگۆشەی کوردستاندا ژیاون. ڕۆژنامەی کوردستان لە وتاری **"کوردان از بدو تاریخ تا سال ١٩٢٠"**، کە لە ژمارە ٢٣، لاپەڕەی ٣، ساڵی ١٩٤٦دا ئاماژەی بۆ کردووە، جۆری دابەشبوونی ئەو نۆ ملیۆن کوردە ڕوون دەکاتەوە و دەنوسێت: **(لە تورکیا سێ ملیۆن و نۆسەد و هەشتا و حەوت هەزار و نۆسەد و شەست ٣٩٨٧٩٦٠ کورد، لە ئێران سێ ملیۆن و سێسەد هەزار ٣٣٠٠٠٠٠، لە عێراق حەوت سەد و چل و نۆ هەزار و سێسەد و هەشتا ٧٤٩٣٨٠، لە سوریا دوو سەد و هەشتاو نۆ هەزار و نۆسەد و چل ٢٨٩٩٤٠ و لە کۆماری ئەرمەنستان و وڵاتانی تر شەش سەد و حەفتاو و دوو هەزار و حەوسەد و بیست ٦٧٢٧٢٠ کورد دەژین.)**

لە سێ ملیۆن کوردی ژێردەستی ئێران لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافدا ٣٠٠٠٠٠ کەسیان لە شارەکان و ٢٧٠٠٠٠٠ کەسیشیان لە گوندەکان ژیانی نیوە کۆچەرییان هەبووە(٦). لە کۆی ئەم ژمارەیە، تەنیا نزیکەی ٥% ی کوردان خوێندەوار بوون و ئەوانی تر بەتایبەتیی ئافرەتان خوێندەوارییان نەبووە. گوندەکانی کوردستان خوێندنگە و بنکەی تەندروستیی و پزیشکیان نەبوو. بۆ نمونە لە شارێکی وەک مهاباد کە کۆمەڵەی ئازادیخواز، کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی لێ دامەزراوە، تەنیا خوێندنگەیەکی هەبوو. هەرچەندە کوردستان خاوەنی زۆر کانزای بەپیتە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان گرنگییان پێ نەداوە و هەوڵیان نەداوە بنکە و کارگای پیشەسازیی پێشکەوتووی لێ دابمەزرێنن و بە شێوەی جۆراوجۆر پێشیان بە گەشەکردنی گرتووە و خەڵکەکەیان بە هەژاریی هێشتووەتەوە.

ئاوی زۆر و کێڵگە و لەوەڕگەی بەپیتی کوردستان، سەرچاوەی بنەڕەتیی داهاتی دانیشتووانی کوردستان بووە، بەڵام لەو بوارەشەوە چونکە دەغڵودانی کوردستان بە ئامێر و کەرەستەی کۆن و داوکەوتوو بەدەست

هـاتوون! بەرهـەمی کوردسـتان تـەنیا بەشـی خـەڵکی خـۆی کـردووە. لـە لایـەکی تـرەوە، کوردسـتان ئـەو کاتـە سـەردەمی دەرەبەگایـەتی بـوو، ئابوورییەکـەی بـەپێی دابونـەریتی دەرەبەگایـەتی بـەڕێوەدەچوو، وەرزێڕانـی خـاوەن زەوی خۆیـان نـەبوون و بەرهـەمی ڕەنـج و زەحمـەتیان دەچووە گیرفـانی دەرەبـەگەکانـەوە و خۆیـان لـەوپـەڕی هـەژاریی و دەست تەنگیدا دەژیان.

لـەو هەلومەرجـەدا بـە دەستپێشـخەریی کۆمـەڵێک لاوی ڕونـاکبیری مهاباد، کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردستان دامـەزرا. بـەپێی بەڵگەنامـەکانی هەیئـەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژێکاف، کۆمەڵـەی ئـازادییخوازی کوردستان مـانگی جـونی سـاڵی ١٩٣٨ دامـەزراوە. دوای گەڕانـەوەی بەشـێک لـە ئەندامانی لە زیندان و دورخراوەیی و دورە وڵات، ناکۆکیی دەکەوێتە نـاو ئـەنـدامانی و لـە درێـژەی ئـەو ناکۆکییانـەدا، کۆمەڵـەی ئـازادییخوازیی کوردستان هەڵدەوەشێت(٧).

دوای تێپـەڕبوونی نزیـک بە سـاڵێک بەسـەر هەڵوەشـانی کۆمەڵـەی ئـازادییخوازدا، حوسێن فروهـەر "زێڕینگـەران" لـەگـەڵ چەنـد هـەڤاڵێکی تـری و ژمارەیـەک ڕونـاکبیری شـاری مهابـاد کـە خـاوەن بیـری نەتـەوەیی بوون و باوەڕیان بە سەربەخۆیی کورد و یەکگرتنەوەی خاکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵـەتی گـەورەی کوردستان هـەبوو، یـەکیانگرتووە و ڕۆژی ١٣٢١/٥/٢٥ (١٩٤٢/٨/١٦) نـاوی کۆمەڵـەی ئازادییخوازیـان گۆڕیـوە بـۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و بە سەرۆکایەتی حوسێن فروهەر بە ناوی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردستانـەوە درێژەیـان بـە خـەبات داوە. هەیئـەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژێکاف لـە ڕۆژژمێـرە تایبەتییـەکانی خۆیدا بـۆ سـاڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣-١٩٤٤) و سـاڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤-١٩٤٥)، ئامـاژەی بـۆ مێـژووی دامـەزرانی خـۆی کـردووە و دەڵێـت: **(کۆمەڵـە ڕۆژی ٢٥ ی گـەلاوێژ دامـەزراوە.)** ئەوانـەی لـەم گۆڕانکارییـەدا پتـر ناویـان دیـارە و لـە بەڵگەنامەکان و نوسراوەکانی ژێکاف و ڕاپۆرتی کاربەدەستانی سۆڤیەتدا ناویان هاتووە بریتین لە: قاسم قادری قازی مامۆستای خوێندنگـە، عـەلی ڕیحـانی بازرگـان، عـەلی مـەحمودی مامۆسـتای خوێندنگـە، مسـتەفا سـوڵتانیان بازرگـان، عەبـدولڕەحمان کـەیانی بازرگـان، ئیبـراهیم

مستەفا قولییۆف، بەشی تەندروستیی
میرزا ئیبراهیمۆف، سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازەریی زمان[٥].
بە مەبەستی پێشاندانی گەشەکردنەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ڕووی ئەدەبیات، پیشە، هونەر، ئابووری و .. تد، بڕیاردرا لیژنەکان گەنم، قەند، شەکر، نەوت و شتی تر بۆ شارەکانی تەورێز، بەندەر پەهلەویی، ئەردەوێڵ، ڕەشت، ئاستارا و جێییەکانی تر ببەن و لە شارە گەورەکانی ئازەربایجان ئۆپێرای "کۆرئۆغلی، لەیل و مەجنون، شا ئیسماعیل، ئارشین ماڵئالان و مەشەدی عیباد" پێشانبدرێن. بە هاودەنگیی لەگەڵ مۆسکۆ، لیژنەکانی سەر بە عەزیز عەلییۆف، دەبووایە لە ماوەی سێ مانگدا ژمارەی ئەندامانیان لە پێنج سەد کەسەوە بگات بە دوو، تا شەش هەزار کەس[٦].
بەرلە چوونی لەشکری ٤٧ ی سوپای سور بۆ ناو خاکی ئێران. لە مانگی مای و جونی ١٩٤١ (گوڵان- جۆزەردانی ١٣٢٠)، کۆماری ئازەربایجان بە فەرمانی باقرۆف، ٣٨١٦ کەسی لە ٥٢ گروپدا ئامادەکردبوو کە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە ڕەوانەی ئازەربایجانی باشوریان بکات. لە ناو ئەو کەسانەدا، ١٢ کەسیان کادیری باڵای حیزبیی، ٧٠ کەسیان کادیری حیزبیی، ١٠٠ کەسیان کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی، ٢٠٠ کەسیان فەرمانبەری ئاساییش، ٤٠٠ کەسیان پۆلیس، ٦٠ کەسیان کارمەندی دەزگاکانی دادوەریی، ١٥٠ کەسیان کارمەندی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ٢٤٥ کەسیان کارمەندی هێڵی ئاسن و ٤٢ کەسیشیان زەویناس و کارگەری نەوت بوون. عەزیز عەلییۆف سکرتێری سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت، بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەو کەسانە دەستنیشان کرابوو. دەبووایە ئەو گروپانە لەگەڵ لەشکری ٤٧ ی سوپای سور ڕەوانەی ئێران بکرێن[٧].
بە ڕێنوێنیی کۆمیتەی بەرگریی دەوڵەتی سۆڤیەت و فەرمانی "د. کۆزۆلۆڤ" فەرماندەی بەرەی شەڕی سەرووی قەفقاز، سەرهەنگی کۆمیسێر عەزیز عەلییۆڤ کرا بە ئەندامی شورای جەنگیی لەشکری ٤٧ کە لە تەورێز جێگیرکرابوو. لەو فەرمانەدا هاتووە:
**- (دەبێت هاوڕێیانی ڕەوانەکراو هەموو ڕێنوێنییەکانی عەزیز عەلییۆڤ سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئەندامی شورای**

**جەنگیی جێبەجێبکەن. کۆمیسێرەکان و ئۆرگانەکانی جەنگیی و سیاسی، نابێت دەست لە کاروباری لیژنەکانی عەزیز عەلییۆف وەربدەن[٨].)**

میر جەعفەر باقرۆف لە یەکێک لە دیدارەکانیدا لەگەڵ لیژنە ڕەوانەکراوەکان بۆ ئازەربایجان گوتی: **(ئێوە دەزانن کە سوپای سور لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی هەرێمەکانی باکوری ئێرانی خستەدەست خۆی. هەموو ئەو شوێنانە، ئازەربایجانی ئێمەیە. بەگوێرەی بەڵگە مێژووییەکان، بەشی زۆری هەرێمی باکوری ئێران وەک قەزوێن، ورمێ، میانە، مەراغە، تەورێز، ئەردەوێڵ، سەڵماس، خۆی، ئەنزەل و .. تد، شوێنی بابوباپیرانی ئێمەن. ئەگەر ڕاستییتان دەوێت، تاران یەکێکە لە شارە کۆنەکانی ئازەربایجانی ئێمە[٩].)** هەروەها لە پروتۆکۆڵی ڕۆژی ١٩٤١/٩/١٥ (١٣٢٠/٦/٢٤) دا ئاماژە بۆ دیداری باقرۆف و هاوڕێیانی ڕەوانەکراو بۆ ئێران کراوە، ناوبراو دەڵێت:

**- (مەسەلەیەک کە من لێرە دەبێت لەگەڵ ئێوە باسی بکەم، ئەوەیە تا ئەو کاتەی سوپای سوری سۆڤیەت لە خاکی ئازەربایجانی باشوردا بێت، ئێمە ناتوانین بێدەنگ بوەستین و سەدان کەس لە برسان بمرن. ئەگەر لە دەمارەکانی ئێمەدا تنۆکێک خوێنی ئازەربایجانیی هەبێت، دەبێت درەنگ، یان زوو، ئازەربایجانییەکانی باشور لەگەڵ برا دورخراوەکانیان، واتە گەلی ئازەربایجانی سۆڤیەت، یەکبگرینەوە... بۆ ئەو مەبەستە هێز و توانای پێویستمان هەیە... هەرچەندە ئەو کارە دژواریش بێت، ئێمە یارمەتی زەحمەتکێشانی ئازەربایجانی باشور دەدەین. غیرەتی ئێمە، ناموسی ئێمە، ئینساف و سەداقەتی ئێمە، ئێمە ناچار بە کردنی ئەو کارە دەکات. لەبەرئەوە ئێمە لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەرمان هاوڕێ ستالین، داوامان لێکرد کە ئیزنمان بدات یارمەتی زەحمەتکێشانی ئازەربایجان بدەین. پرسیار لە من کرا، چیتان دەوێت؟ وەڵامم دایەوە کە ئێمە دەمانەوێت یارمەتی براکانمان لە ئازەربایجانی باشور بدەین. داواکارین ئەو ئیزنەمان بدەنێ. هاوڕێیانی مۆسکۆ ئەو ئیزنەیان بە ئێمە دا[١٠].)**

باقرۆف سەبارەت بە ڕێنوێنییەکانی مۆسکۆ گوتی: **(یارمەتییەکانی ئێمە بۆ ئازەربایجانی باشور، دەبێت بە جۆرێک بێت کە حکومەتی شا و ئینگلیزەکان، ئێمە بە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا**

**تاوانبار نەکەن.)** لە کۆتاییدا دەڵێت: **(ئەرکی ئێوە بەرپرسیارییەکی قورس و شەریفە، ئێوە بۆ کارێکی زۆر گرنگ ڕەوانەی ئەوێ دەکرێن و بە بەڕێوەبردنی ئەو کارە، خزمەتێکی گەورە بە گەلی ئازەربایجان دەکەن. ئێوە بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە شەریفەتان، ئاواتی سەدان ساڵەی برا لێکدابڕاوەکانتان دەهێننەدی. ئێوە پێکەوەیان گرێدەدەن و ئەوەش مەسەلەیەکی ناموسییە و غیرەت و سەداقەت و خۆشەویستیی ئێوە دەگەیەنێت[١١].)**

باقرۆف لە دیدارەکانیدا لەگەڵ فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکان بۆ ئازەربایجان دڵنیایی لەسەر بەنهێنی ڕاگرتنی مەسەلە باسکراوەکان و بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی عەزیز عەلییێڤ دەکردەوە. سەرەڕای هەوڵەکانی باقرۆف سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەرکە دیاریکراوەکان لە ئازەربایجانی باشور، ستالین لەو بارەیەوە توشی گومان و دوودڵیی بوو. ئۆڕگانە ئەمنییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی ئێران، چەندان پلانیان دەربارەی هەوڵی ڕزگارییخوازانە لە کوردستاندا ئامادەکردبوو. سیاسەتی ڕێبەرانی سۆڤیەت سەبارەت بە کوردستان بە پێچەوانەی سیاسەتیان سەبارەت بە ئازەربایجان بوو. دەیانویست بە ڕژێمی ئێران بڵێن کە گەلی کورد خەریکە کوردستان لە ئێران جیادەکاتەوە و دەیان پلانیان بۆ سەلماندنی ئەو وتانەیان ئامادەکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا "ئەندریە سیمیرنۆڤ" باڵیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت کە ئاشنایەتی پتری لەسەر ئێران هەبوو، دژی "یارییکردن لەگەڵ کێشەی کوردستان" بوو، دەیگوت:

**- (لە ئێراندا تاوانی جیاوازییخوازیی کوردەکان بە بەردەوامیی یارییەکی سیاسی وڵاتانی بێگانە بووە. دەبێت ئێمە خۆمان تێکەڵاوی ئەو یارییە نەکەین. ئەوە بەو واتایە نیە کە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ کوردەکان بپچڕین و بە قازانجی خۆمان و بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دەستکەوتەکانمان کەڵکیان لێ وەرنەگرین. لە هەر حاڵەتێکدا چالاکییە سیاسییەکانی ئێمە لە باکوری ئێران، پەیوەندیی بە ئازەربایجانییەکانەوە هەیە[١٢].)**

ڕوسەکان جگە لە ئامانجە سەرەکییەکانیان، بەو دیدەوە لە ئازەربایجان و کوردستان دەستبەکار بوون کە لە لایەک یارمەتی

ئازەربایجانییەکان بدەن کە لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە گەشە بکەن و لە نێوانیاندا لایەنگر بۆ خۆیان بدۆزنەوە و لە لایەکی تریش کوردەکان بخەنە ژێرچاودێریی خۆیان و نەهێڵن ناوچەکە بشێوێنن! و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دژی حکومەتی ئێران کەڵکیان لێوەربگرن و لە ناو سیاسەتێکی نادیاردا یارییان پێبکەن.

عەزیز عەلییۆف ڕۆژی ١٩٤١/٩/٢٢ (١٣٢٠/٧/٣٠) گەیشتە تەورێز و فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بەو شارانەدا بڵاوکردەوە کە سوپای سوریان لێ جێگیرکرابوو[١٣]. ڕۆژێک بەرلە گەیشتنی بۆ تەورێز، واتا لە ١٩٤١/٩/٢١ (١٣٢٠/٧/٢٩)، حکومەتی ئێران، فەهیم ئەلمولکی کرد بە پارێزگاری ئازەربایجان[١٤].

میرزا ئیبراهیمۆف کە بەرپرسیاری بەشی ڕاگەیاندنی لیژنە ڕەوانەکراوەکان بوو، لە یەکەم هەنگاودا، ڕۆژنامەیەکی ئازەریی زمانی بە ناوی لە ڕێی نیشتماندا "وەتەن یۆڵندە" بڵاوکردەوە کە زۆر بە توندیی کەوتە بەر ڕەخنەی حکومەتی ئێران. لەو چوارچێوەیەدا کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە بروسکەیەکی نهێنیدا بۆ باقرۆف، ڕایگەیاند: **(عەلی سوهەیلی وەزیری دەرەوەی ئێران شکاتێکی دژی لیژنەی عەزیز عەلییۆف ئاراستەی سیمیرنۆف، باڵیۆزی ئێمە کردووە و دەڵێت لیژنەی عەزیز عەلییۆف لە تەورێز ڕۆژنامەیەک بە ناوی لە ڕێی نیشتماندا بە زمانی تورکیی بڵاودەکاتەوە. سیمیرنۆف لە وەڵامیدا ڕایگەیاندووە کە ئەو ڕۆژنامەیە بۆ سەربازانی لەشکری سور و فەرمانبەرانی سۆڤیەت بڵاودەکرێتەوە. سوهەیلی داوادەکات ڕۆژنامەکە لە ناو خەڵکدا بڵاونەکرێتەوە. داوا دەکەین وەڵامێکی پەسەند بەو وتانەی وەزیری دەرەوەی ئێران بدەنەوە[١٥].)**

میر جەعفەر باقرۆف لە بروسکەیەکدا بۆ هاوڕێیانی "دکازانۆف" و "سوبۆلۆف" لە کۆمیسارییای کاروباری دەرەوە، دەڵێت: **(وتەکانی سوهەیلیی لە خۆوە نین و بە تەواویی بێناوەڕۆکن. دەبێت بڵێم کە سیمیرنۆف بە مەبەست ڕووبەڕووی چالاکییەکانی عەزیز عەلییۆف دەبێتەوە. ڕەخنەی فەرمانبەرە ڕەسمییەکانی ئێمە لەوانە ئەندامانی سوپا لە کاروباری عەلییۆف، بۆ ئەوەیە کە ئەو بەشداریی کۆڕەکانی مەی**

# سیاسەتی دوو لایەنەی سەرکردەکانی مۆسکۆ و کۆماری ئازەربایجان لە ئێران

سیاسەتی سەرکردەکانی مۆسکۆ سەبارەت بە داگیرکردنی ئێران، بە پێچەوانەی سیاسەتی کۆماری ئازەربایجان و میر جەعفەر باقرۆڤەوە بوو. ڕێبەرانی مۆسکۆ بەو بیرۆکەیەوە لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیز ڕێککەوتبوون کە باری گرانی شەڕی ئاڵمانیا لەسەر وڵاتەکەیان کەم بکەنەوە و ئامانجیشیان لە داگیرکردنی ئێران بۆ ئەو مەبەستە بوو، بەڵام میرجەعفەر باقرۆڤ و ڕێبەرانی ئازەربایجان چاوەڕوانییەکی زیادتریان لە هاتنیان بۆ ئێران و بەتایبەتیی ئازەربایجان و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران هەبوو. ڕاستە ئەوانیش دەیانویست کە سۆڤیەت لە گوشاری شەڕی ئاڵمان ڕزگاری ببێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیاندەدا هاوکاریی براکانیان بکەن کە لە دیلیی و ژێردەستەیی ڕزگاریان ببێت. ئەگەر کرا هەردوو ئازەربایجانی باکور و باشور یەکبخەنەوە و ئەگەرنا یارمەتی براکانیان بدەن کە ئەوانیش لە ئازەربایجانی باشوردا دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازەربایجان دابمەزرێنن.

لەو چوارچێوەیەدا بوو کە باقرۆڤ داوای لە مۆسکۆ کرد کە ئیزن بدەن یارمەتیی براکانیان لە ئازەربایجانی ئێران بدەن و هەر بۆ ئەوەش بوو کە کارمەند و پسپۆر و ڕۆژنامەنوسی ڕەوانەی ئازەربایجان کرد و بە فەرمانبەرە ڕەوانەکراوەکانی گوت: **(ئێوە بە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە شەریفەتان، ئاواتی سەدان ساڵەی برا لێکدابڕاوەکانتان دەهێننەدی و پێکیانەوە گرێدەدەن و ئەوەش مەسەلەیەکی ناموسییە و غیرەت و سەداقەت و خۆشەویستیی ئێوە دەگەیەنێت.)**

بە پێچەوانەوە، کاربەدەستە ڕوسەکان لە ئێران، لەوانە ژەنەڕاڵ نوڤیکۆڤ و سەرهەنگ ژارکۆڤ دژی ئەو بیرە و گروپی عەزیز عەلییۆڤ زانیاریی نهێنییان بۆ مۆسکۆ دەنارد و بە هەموو جۆرێک هەوڵیاندەدا کە گروپی عەلییۆڤ دەست لە کاروباری ئازەربایجان وەرنەدات.

دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت لە بەرەکانی شەڕی ئاڵمانیادا دۆخێکی نالەباریان هەبوو، لەبەرئەوە نەیاندەویست بە دەستتێوەردان لە

سەرۆک هۆزێکی دەستگیرکردووە و لە بنکەی ژاندارمەرییدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردووە و فەرمانی زیندانییکردنی داوە. لەو بارەیەوە فەرمانداری سەراب خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە.

ئەندریە سیمیرنۆڤ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: **(دژوارە بتوانین باوەڕبکەین کە بڵاوبوونەوەی چالاکییەکانی گروپی عەلییۆڤ بە قازانجی ئێمە بن. ئەو لێرە بە سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت ناسراوە. سەرۆکایەتیکردنی ئەو لە چالاکییەکانی ئەو گروپەدا، ناڕەزامەندیی و ناباوەڕیی کاربەدەستانی ئێران، تورک و ئینگلیز بە دواوە بووە. دەربارەی چالاکییەکانی گروپی عەلییۆڤ، عەلی سوهەیلیی و باڵیۆزی دەوڵەتەکانی تورک و ئینگلیز، زانیاریی پێویستیان هەیە.[٣])**

ڕۆژی١٩٤٢/١/١٧ (١٣٢٠/١٠/٢٩) باقرۆڤ لە بروسکەیەکدا بۆ کرێملین دەنوسێت: **(دوای گفتوگۆی تەلەفۆنیی لەگەڵ ئێوە، بە عەزیز عەلییۆڤم ڕاگەیاند کە دەست لە کاروباری بەربەرەکانیی "مقاومت" حکومەتی ئێران وەرنەدات و دەبێت پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سیمیرنۆڤ هەبێت و بە هاودەنگیی لەگەڵ سیمیرنۆڤ، کێشە جیاوازەکان لەگەڵ کاربەدەستە ناوچەییەکاندا چارەسەربکات. ئەمڕۆ فەرمانمان بە عەلییۆڤ دا کە بە پەلە بچێت بۆ تاران و هەموو کێشەکان و لەوانە ئەو باسانەی کە لە ڕاپۆرتی کولاژنکۆڤدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆ سیمیرنۆڤیان ڕوون بکاتەوە، بەڵام دەربارەی ئاشکرابوون و ناسینی عەلییۆڤ لە لایەن تورک و ئینگلیزەکانەوە، عەلییۆڤ و ئەندامانی گروپەکەی ڕۆڵیان نەبووە لە ناساندنیدا و لاموایە هەندێک لە فەرمانبەرانی ئێمە، لەکاتی مەیخواردنەوەدا لەگەڵ کەسانی گومانلێکراو، عەلییۆڤ و گروپەکەیان ئاشکرا کردووە. بەو کێشەیەی کە سەریهەڵداوە ئیتر دەرەتانی درێژەدان بەو کارانە نامێنێت کە لە ڕۆژانی سەرەتاییدا دەستمان پێکردبوون. وا تێدەگەم کە سیمیرنۆڤ و ئەوانی تر لە کۆتاییهێنان بەو کارانە کە ئێمە دەستمان پێکردبوو، سەرکەوتن[٤].)**

پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی نوسەری کتێبی "ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥"، بەگوێرەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، دەڵێت: **(دەکرێت بڵێین بیری لە چوارچێوە خستنی چالاکییەکانی کارگێڕانی سیاسی ئازەربایجانی**

**سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێران، لە لایەن سەرانی سۆڤیەتەوە، هەروەها ڕاپۆرت و بروسکەکانی سیمیرنۆڤ دژی گروپی عەزیز عەلییۆڤ، بە فەرمانی نهێنی کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت ئاراستە کراون. هۆی نواندنی ئەو نەرمییە لە لایەن سۆڤیەتەوە، لە لایەک دەگەڕایەوە بۆ دۆخی دژواری هێزەکانی سۆڤیەت لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئاڵمان و لە لایەکی ترەوە وتووێژی نهێنی نێوان سۆڤیەت و ئینگلیز و ئێران لە تاران. بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەک کە لەو ڕۆژانەدا سۆڤیەت بە هاوپەیمانانی جەنگی هەبوو "تاقیکردنەوەی بۆلشەڤیکییەکان" کە لە سەرەتادا لە ئازەربایجان دەستیپێکردبوو، بەرە بەرە بە لاوە نا[٥].)**

هەرچەندە لە سەرەتای مانگی سێپتێمبەری ١٩٤١ دا "نزیکەی ١٠ ی خەرمانانی ١٣٢٠"، کاتێک لە کرێملین دەربارەی ئازەربایجان وتووێژ کرا، دەسەڵاتی تایبەتیان بە میر جەعفەر باقرۆڤ دا کە یارمەتی ئازەربایجانییەکان بدات، بەڵام دواتر سەرۆکی سۆڤیەت لە چوارچێوەی زنجیرە کارێکی ئۆرگانەکانی ئەمنیی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، باقرۆڤی بە بەرپرسی ئەو کێشانە دانا و نەخشەی هاتنەدەرەوەی کارگێڕانی ئازەربایجانی سۆڤیەتیان ئامادەکرد. ئەو پرۆژانەی کە لە ئازەربایجان سەبارەت بە کێشە نەتەوایەتییەکان جێبەجێ دەکران، ڕێبەرانی سۆڤیەتیان خۆشحاڵ نەدەکرد. لەبەرئەوە بوو ئەندریە سیمیرنۆڤ داوای لە کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت کرد کە ڕێ لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "وەتەن یۆڵندە" بگرێت کە دەست بە دەست لە ئازەربایجاندا بڵاودەبووەوە[٦].

میر جەعفەر باقرۆڤ دژی ڕاگرتنی ئەو ڕۆژنامەیە ڕاوەستا و لە بروسکەیەکدا بۆ "ئارکادی سوبولۆڤ" و دکانازۆڤ و دەسەڵاتدارانی باڵای کۆمیسارییای کاروباری دەرەوەی ڕایگەیاند:

**- (بەپێی زانیاریی گەیشتوو، دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران لە ئازەربایجانی باشور، دۆست و لایەنگرانی ئێمە دەخەنە ژێرچاودێرییەوە و دەیانگرن. هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی ئەوکاربەدەستانە، گەیشتووەتە ڕادەیەک کە لە تەورێز بە ئاشکرا فیلم و بڵاوکراوەکانی بەرەی شەڕی**

**فاشیستەکانی ئاڵمانیا دژی ئێمە بڵاودەکەنەوە. بەپشگیریی ڕاستەوخۆی فەرمانداری تەورێز، ڕۆژنامەی فاشیست پەرستی "دەنگی ئازەربایجان" بڵاودەکرێتەوە. لە شارەکانی ئازەربایجانی باشور، کارمەندانی لایەنگری ئێمە لە دەزگا دەوڵەتییەکان دەردەکەن. دەبێ بە سیمیرنۆڤ بگوترێت لەجیاتی داخستنی ڕۆژنامەی "لە ڕێی نیشتماندا"، بەرەنگاری کردەوەکانی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی ببێتەوە[٧].)**

هەوڵەکانی باقرۆڤ بێ سود بوون، چونکە لە دیدارێکدا کە ڕۆژی ١٩٤٢/١/٢١ عەزیز عەلییۆڤ لەگەڵ سیمیرنۆڤ لە تاران کردی، سیمیرنۆڤ بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی کولاژنکۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز، ئاماژەی بۆ تەبلیغاتی کارگێڕانی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ناو خەڵکدا کرد و گوتی:

- **(خەڵکی ئازەربایجان بە ڕادەی پێویست شۆڕشگێڕن و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و پروپاگەندەی ئێوە نیە[٨].)** سیمیرنۆڤ پێشنیازی بۆ عەزیز عەلییۆڤ کرد کە بگەڕێتەوە بۆ باکۆ و لەوێوە کارەکانی بەڕێوەببات[٩]. لە بەرامبەردا عەزیز عەلییۆڤ ڕۆژی ١٩٤٢/١/٢٨ ڕاپۆرتێکی ئاراستەی باقرۆڤ کرد و پێی ڕاگەیاند:

- **(بۆچوونەکانی سیمیرنۆڤ و کولاژنکۆڤ دەربارەی بەلاوەنانی کاروباری ڕاگەیاندن لە ناو خەڵکدا، بە ڕای من هەڵە و زیانبەخشن. بە ڕای من دەبێت هەڵسوکەوتی سەیروسەمەرە و ئامۆژگارییکەرانەی سیمیرنۆڤ بە ناوەند ڕابگەیەنین. سیمیرنۆڤ بە هەموو هێزەوە هەوڵدەدات کارە گەورەکانی ئێمە پوچەڵ بکاتەوە. لەو باوەڕەدایە کە دەبێ پشتیوانیی لە دەوڵەتی فروغی و سوهەیلی بکرێت و وا پێشاندەدات کە ئەو دوو دەوڵەتە ئامادەن هاوکاریی لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەت بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی فروغیی نەک لەگەڵ ئێمە، بەڵکوو هاوکاریی ئینگلیز دەکات. سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتی فروغیی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لە ئێراندا لەدەستداوە و سیمیرنۆڤ پێشنیازی پشتیوانییکردنی لە دەوڵەتێکی ئاوا بۆ کۆمیساریای کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت دەکات[١٠].)**

عەزیز عەلیۆڤ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت: **(سیمیرنۆڤ لەو حەوت مانگەدا کە وەک باڵیۆز لە تاران کاردەکات، هیچ چەشنە**

لە ناو فەرمانەکانی وەزیری دەرەوەدا کە لە یەکی مانگی مای ئەم ساڵدا بە بروسکە بۆ باڵیۆزخانە نێردراون، ئاماژە بۆ نادروستیی بیروبۆچوونی نوێنەرانی کۆنسوڵخانە و فەرماندەکانی یەکە سەربازییەکانمان لە ئازەربایجانی ئێران کراوە و پێشگرتنی هێزەکانی ئێران لە کاتی چوونیان بۆ ورمێ، هەر لەو هەڵوێستە ناڕاستانەی ئێوەوەیە. ئێمە لە ۱۳ی مانگی مای ئەم ساڵ بەتایبەتیی ئاماژەمان بۆ ئەو کارە کردووە کە کۆنسوڵەکانمان نابێت لە بەرامبەر سوپا و بەرپرسانی ئێرانیی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی، مەرجێکی تایبەتی دابنێن، چونکە یەکەم: بە هۆی ئەو کارەوە، ئەوان فەرمانەکانی ئێمە لەو بارەیەوە دەگۆڕن.

دووەم: سنوردانان و مەرجی ئەووتۆ لە لایەن ئێمەوە، سەبارەت بە ڕاگرتنی هێمنایەتی و ئاساییش بۆ ئێرانییەکان، لە لایەن ئەوانەوە بە پێشگیریی دەژمێردرێت و هەموو بەرپرسیارییەکان سەبارەت بە دواخستن و لەناوبردنی نائارامییەکان، دەخەنە سەر شانی ئێمە کە بۆ بەرژەوەندی یەکیەتی سۆڤیەت زیانبەخشن.

سەرەڕای ئەو وریاکردنەوەیە، کارگێڕانی کۆنسوڵخانە و فەرماندە سەربازییەکانی سوپا کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی دەوڵەت، بەپێی ئەو بڕیارانە نابێت لەمپەر بخەنە سەر ڕێی هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ناو ورمێ. لە لایەکی ترەوە بە هۆی کاری نادروستی ئێوەوە بەرامبەر بە سەربازگەی سوپای ئێران لە ورمێ و دانانی مەرجێکی ئەووتۆ کە سەربازگە توانای ڕاگرتنی هێمنایەتی و ئاساییشی ناوچەکەی نیە، لەوانەیە بەو جۆرە وەربگیرێ کە کاربەدەستانی ئێمە لە بەڕێوەبردنی فەرمانە سیاسییەکانی ناوەندەوە هەڵەکانیان ڕاست نەکردۆتەوە و لە فەرمانەکان سودی پێویستیان وەرنەگرتووە. ئەرکی ئێوەیە کە هەڵەی کاربەدەستانمان شیبکەنەوە و کارەکانیان تێهەڵبچننەوە. سەرباری ئەوەش لە نامەی ڕۆژی ۲۵ ی مانگی مای

باڵیۆزخانە بۆ کۆنسوڵەکان، دەربارەی ڕووداوەکانی ورمێ، بە ئاشکرا ئەو هەڵانە حەشاردراون کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێمەوە کراون. لەو نامەیەدا کە هەندێک ڕێنوێنیی بۆ کۆنسوڵەکان لەبەرچاوگیراوە: بەپێی زانیاریی لە ڕووداوەکانی ورمێ، دەبێت بە بیر کارگێڕانی کۆنسوڵخانە و یەکە سەربازییەکان بخرێتەوە کە چۆنیەتی ئەوانیان هەست پێنەکردووە و ئێرانییەکان وای لێ حاڵیی بوون کە ئێمە پشتیوانیمان لە کوردەکان کردووە و لەگەڵ ئەواندا خەریکی کەین و بەینین. کردەوەیەکی ئاوا لە کاربەدەستانی ئێمە ناوەشێتەوە. مەسەلەکە ئەوە نیە کە کردەوەی کۆنسوڵی سۆڤیەت و فەرماندەکانی سوپا لە لایەن ئێرانییەکانەوە بە هەڵە وەرگیراوە کە گوایە دەست بە سمێڵی کورداندا دێنین، بەڵکوو ئەوەیە کە کاربەدەستانمان لە تێکهەڵچوونەکانی ورمێدا بە کردەوە لایەنی کوردە "تورەکانیان" گرتووە و لە بەرامبەر کارگێڕانی ئێرانییدا بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی لە ناو کورداندا کە بێفەرمانییان کردووە و لەمپەریان پێکهێناوە. ڕێبەرانی کوردەکانیان بە لایەنگری سۆڤیەت داناوە و وەک ئەمەکناسترین و متمانەترین پاڵپشتی ئێمە لە ئازەربایجان قبوڵکردووە. بۆ دروستیی وتەکانمان، وتەی ساویلکانەی کۆنسوڵی ئێمە لە ورمێ، هاوڕێ ماکسیمۆڤە کە دەڵێت: بەشی هەرە زۆریان "مەبەستی لە کوردەکانە" لایەنگری سۆڤیەتن و هەڵوێستی بەرگریی لە "لایەنگرانی سۆڤیەت" کوردە "چەوساوەکان"ی نواندووە. کاربەدەستانمان ئاڵۆزیی ناکۆکیی نەتەوایەتییان لە ئێران و بەتایبەت دوژمنایەتی لەمێژینەی کوردەکانی ئێران لە لایەک و ئێرانییەکان و ئازەرییەکانی ئێران لە لایەکی ترەوە کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی شای پێشوو بەدی هاتبوو، لەبەرچاو نەگرتووە. کوردەکان کە لە دژی کردەوە گێرەشێوێنانەی کاربەدەستە خۆجێیەکانی ئێرانیی ڕاپەڕیون، هەر ئەوانیش دەستیانکردووە بە تالانیی خەڵکی بێتاوانی ئێران. خەڵکی

زراوچووو ڕژاونەتە ناو شار، تا کارگێڕانی خۆماڵیی ئێران پشتیوانییان لێ بکەن، بەڵام کاربەدەستانی خۆجێیی نەیانتوانیوە هیچ داکۆکییەکیان لێ بکەن، چونکە لە ئاست کوردە چەکدارەکاندا لاوازن. لەو کاتەدا مەسەلەی پێویست، هاتنی هێزە چەکدارە ئێرانییەکان بۆ ورمێ بوو کە نوێنەرانی کۆنسۆلخانە و فەرماندەکانمان بەرهەڵستیان کرد. لە ئاکامی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، فەرمانبەرەکانمان لە پاڵ کوردەکاندا دژی زۆربەی خەڵک ڕاوەستاون. لە ئازەربایجانی ئێران، ئازەریی و ئێرانیی لە لایەن کوردەکانەوە تێرۆر و تالان دەکرێن. دیارە ئەو کارە بوو بە هۆی دورخستنەوەی بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئازەریی و ئێرانیی کە لە ئێمە نزیک ببوونەوە، ئەویش بە هۆی ناڕەزییان لە کردەوەی نوێنەرانمان.

هەڵەی نوێنەرەکانمان لە ئازەربایجانی ئێران، دەستبەجێ لە لایەن جاسوسەکانی تورکیاوە قۆسترایەوە و کەڵکی لێوەرگیرا و خۆیان وەک پشتیوانی ئازەرییەکان لە قەڵەمدا و بەڵێنیان پێدان بەگوێرەی پێویست، چەک و تەقەمەنییان بدەنێ و سنوری تورکیاشیان بۆ بکەنەوە. بەم جۆرە کردەوەی کارگێڕانمان تەنیا دەتوانرا بە دەستی بەکرێگیراوانی تورکیا شکڵ بگرێت کە لە ڕووداوەکانی ورمێ بۆ پەرەسەندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ئازەربایجان کەڵکیان وەرگرت.

لەمپەر پێکهێنان لە بەرامبەر بەرپرسانی ئێرانیی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی لە ناوچە کوردنشینەکان، نوێنەرانمان بەو کارە کوێخایەتی و دەستێوەردانێکی بێجێیان لە کاروباری ئێراندا کردووە کە نە قبووڵ دەکرێ و نە وەڵامدەری بەرژەوەندەکانمانە. هەڵەی نوێنەرانمان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان هێشتا دەربارەی تێگەیشتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان لە ئێراندا، لاوازن. ئەوان لە خۆیان ڕوون نەکردۆتەوە کە خەباتی کوردی ئێران بۆ خودموختاریی و سەربەخۆیی بەپێی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی، بەرگریی کردنێکی کۆنەپەرستانەیە

**گـۆلی ورمـێ، سـۆڤیەت سـوپا و ژاندارمـەریی ئێرانـی هێنایـەوە و دایمەزراندنەوە "هەرچەند کە ئەوان بە هۆی بێدەسەڵاتیی لە ئاست سۆڤیەتدا، دەرەتانی هیچ چەشنە جموجوڵێکیان بۆ نەمابۆوە"[٦].)**

---

١- سەرلەشکر زەنگەنە ل ٣٦: دهقان، س ن، ل ٦٦٩، حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفائەمین، ل ٥١-٥٢.

٢- حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفائەمین، لاپەڕەی ٥٢. -FO٣٧١-٣١ ٤١٤ May ١٩٤٢

٣- دهقان، س ن، ل ٦٧١ و حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفائەمین، ل ٥٣.

٤- سەرلەشکر زەنگەنە، س ن، ل ٣٥-٣٧ و حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفائەمین، ل ٥٤.

٥- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری فیدراتیڤی ڕوسیا، ف ٠٩٤- ئو ٤- د١٨٨- پ١٨، ل ١٠ تا ١٤ وەرگێڕانی ئەفراسیاو هەورامیی، لە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نوسینی حامید گەوهەریی، لاپەڕەی ٩٨-١٠٢ وەرگیراوە.

٦- کۆماری کورد لە مهاباد، ئار. جی ڕۆزڤێلت، وەرگێڕانی خالید عەزیزی، لاپەڕەی ١١، سوید ١٩٩١.

١٠- بۆ پەروەردەکردنی جوتیاران لە بواری سود وەرگرتن لە زەوی و شێوازەکانی کشتوکاڵ، بنکەیەکی نمونەیی کشتوکاڵ لە ناوچەی تەورێز دابنرێت.

١١- بۆ سپاردنی کار بە بەشێک لەو کەسانەی بێکارن، کارگەیەکی چنینی گۆرەوی و کەشبافیی دابنرێت.[٤]

بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، دەستبەجێ و لە ماوەیەکی کورتدا، ئەو کەسانەی خوارەوەی ڕەوانەی ئێران کرد:

- ئەحمەد یاقوبۆف جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان بە پلەی ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران.

- عەلی عەلیۆف سکرتێری کۆمیتەی شاری دەربەند لە پلەی سکرتێری یەکەمی سەفارەت.

- جوبرایل هاشمۆف سەرۆکی ڕێکخراوی ئەمنیی ناوچەی "سەعاتلو"، بەرپرسی سێیەمی باڵیۆزخانە.

- حەسەن حەسەنۆف سکرتێری سێیەمی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز.

- میرزا محەمەدۆف، سکرتێری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز.

- مستەفا مستەفایۆف سەرۆکی لقی سێیەمی کۆمیساریای ئەمنیی ئازەربایجان، جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ.

- پاشا عەلی ئەکبەرۆف سەرۆکی لقی ئەمنیی گوبا، سکرتێری کۆنسوڵخانەی ورمێ.

- بەندە عەلی مەهدییۆف، سکرتێری کۆنسوڵخانەی ئەردەوێڵ.

- شامل نەزەرلی، جێگری کۆنسوڵخانەی ڕەشت.

- محەمەد شەریفۆف، کۆنسوڵی گورگان.

- زەینەل گوزلۆف، بەرپرسی کۆنسوڵخانەی قەزوین[٥].

بەرلە چوونی ئەو فەرمانبەرانە بۆ ئێران، مۆلۆتۆڤ چاوی پێیانکەوت و پێیانی ڕاگەیاند: **(بە وردیی سەرنج بدەن بە دیاردەکان و پەرە بە**

**دەسەڵاتی ئێمە لە ناو خەڵکدا بدەن[٦].)** لە بروسکەیەکدا کە بەهاری ساڵی ١٣٢٣(١٩٤٤) لە تەورێزەوە بۆ میرجەعفەر باقرۆڤ نێردراوە، هاتووە: **(ڕۆژی ١٠ ی ئاپریل، چوار هەزار دانە ڕۆژنامەی "وەتەن یولۆندا" چاپکرا و لە ناو خەڵکدا بڵاوکرایەوە.)** بۆ نوسینی ئەو ڕۆژنامەیە، ٢٧ کەس لە باکۆوە ڕەوانە کرابوون. لە ناو ئەو ژمارەیەدا، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم ناوانە بکەین: عەلی حەسەن شاگلدیۆڤ، جەعفەر خەندان حاجیۆڤ، ئەسرافیل نەزەرۆڤ، غولام محەمەدلی، غیلمان موسایۆڤ، ئەنوەر محەمەدخانلی، کازم کازم زادە، مەلەک مەلەکزادە و.. تد.[٧]

شایانی باسە کە گۆڤاری نیشتمانی ژمارە ٨،٧ و ٩ لە یەک بەرگدا، هەروەها ڕۆژژمێری تایبەتیی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤-١٩٤٥) دوای دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی سۆڤیەت لە ئێران، بڵاوکرانەوە.

بە فەرمانی باقرۆڤ، ڕێبەرایەتی هەموو ئەو فەرمانبەرانەی ڕەوانەی ئێران کران، بە حەسەن حەسەنۆڤ درا.[٨]

لە بەرنامەیەکدا کە بۆ ئازربایجان دانرابوو، هاتووە: **(بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری خەڵکی ئازربایجان بەرەو خۆمان، بە پلەی یەکەم سەرنج بدەن بە دین و پیاوانی ئایین.)** لە درێژەی ئەو نوسینەدا گوتراوە: **(ئەو کارە بۆ ئەوە نیە کە ئەوان دەبن بە پاڵپشتی حکومەتی سۆڤیەت، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین زۆر کار بەو ڕۆحانییانە بکەین.[٩])**

هەروەها گوترابوو: **(بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی کۆمەڵایەتی دانیشتووان دەبێ هەژار و دەوڵەمەند بەرەو خۆمان ڕابکێشین. دەبێت کارەکان بە جۆرێک ڕێکبخرێن و بچنە پێشەوە کە موڵکدارە مامناوەندییەکان و وردە موڵکدارەکان دڵنیابن کە تەنانەت ئەگەر**

حكومەتی شوراكانیش دابمەزرێت، زەوییەكانیان هەر بۆ خۆیان دەمێنێتەوە.)

١- ئازەربایجان كێشەی نێوان تاران، باكۆ و مۆسكۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥:
J. H. BAMBERG, the History of the British Petropeum Cambridge, ١٩٩٤, p. ٢٤٢ - ٢٤٣.

٢- هەمان سەرچاوە: AR SPIHDA, f. I, s, ٨٩, i. ٧٧, v. ١.

٣- گۆڤاری نیشتمان"ئۆرگانی كۆمەڵەی ژ.ك، ژمارە ١.

٤- ئازەربایجان كێشەی نێوان تاران، باكۆ و مۆسكۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥: AR SPIHMDA, f. ١, s. ٨٩, i. ٨٤, v, ١-٥.

٥- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. ١, s. ١٢٩, i. ٨٠, v, ٢-٣.

٦- هەمان سەرچاوە: . AR SPIHMDA, f. ١, s. ٢٢٠, i. ٤٩, v, ٤-٥

٧- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. ١, s. ١٢٩, i. ٨٠, v, ٤-٥.

٨- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. ١, s. ٨٩, i. ٨١, v, ١٣١.

٩- هەمان سەرچاوە: Ibid

# دامەزراندنی پەیوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت

پێش ئەوەی حەسەن حەسەنۆڤ بەرپرسیاریی فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی باشور وەربگرێت، کۆمیساریۆڤ بەڕێوەبەری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ، لە ڕۆژانی ٨- ١٣٢٢/١١/١٠(٢٨-١٩٤٤/١/٣٠) سەردانی مهاباد دەکات. دوای گەڕانەوەی بۆ ورمێ، لە دوو ڕاپۆرتی جیاوازدا ئاماژە بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەکات و لە ڕاپۆرتی یەکەمیدا دەنوسێت:

**- (دوای گەڕان بە ناو شاری مهاباددا، چاوم بە بەڕێز "مستەفا سوڵتانییان" کەوت. تەمەنی شەست ساڵە و وەک نوێنەری شورای شار، خۆی بە من ناساند، بازرگانە و یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەیەک کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات دەکات، لە وتووێژ لەگەڵیدا، گوتی: هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لە دە کەس پێکهاتووە[1].)**

کۆمیساریۆڤ لە ڕاپۆرتێکی تریدا کە سەرچاوەی بیرکردنەوەکەی لە نامە نهێنییەکەی مۆلۆتۆڤەوە دێت، سەبارەت بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ وەزارەتی دەرەوەی مۆسکۆ دەنوسێت:

**- (... ئەم ڕێکخراوە بە هەموو توانایەوە دەیەوێت پشتیوانیی و هاوکاریی ئێمە بۆ خۆی بەدەستبهێنێت. دەکرێت بڵێین زۆربەی سەرکردە کوردەکان کە باسی "سەربەخۆیی کوردستان" دەکەن، دەڵێن ئەم سەربەخۆییە تەنیا بە یارمەتی سۆڤیەت بەدەست دێت، بۆ ئەم کارەش ئامادەی هەموو چەشنە هاوکارییەکی یەکیەتی سۆڤیەتن و دەڵێن لە سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی ئینگلیز تەنیا دەبێ چاوەڕێی کۆیلایەتی کورد بکرێت، بەڵام ئەم وتانە پێدەچێ مەبەستێکی گڵاویان بە دواوە بێت.**

**کورد بە قازانجیانە ئێستا لەگەڵ ئێمە بە ئاشتیی بژین. دەیانەوێ خۆیان لە پشتی ئێمەوە بشارنەوە، بەڵام هیچ کاتێک سەرکردە گەورەکانی کورد بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ ئێمە نابن و تاسەر هاوکاریی کردنیان لەگەڵ ئێمە نامێنێت. سەرکردە کوردەکان لەسەر کێشە سەرەکییەکان و قۆناخە گرنگەکان، پتر کەینوبەینیان لەگەڵ ئینگلیزەکان هەیە و سەربەخۆیی کوردستان لای ئەوان بە واتەی بەش نەکردنی ئەو سامانەیە کە لە چەوساندنەوەدا بەدەستیان هێناون. ئەوان دەیانەوێ ئەم سامانە بپارێزن و کەمتر بیرلە بەرژەوەندەکانی گەلی کورد دەکەنەوە. بە قازانجی ئینگلیزەکانیشە کە کوردەکان بە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان بە ئێمەوە هەڵبواسن و بەم چەشنە گومان لەسەر خۆیان لابدەن. لەبەرئەوە، ئەوان ئەمە بە باشتر لەوە دەزانن کە خۆیان بشارنەوە، لە لایەکی ترەوە دەیانەوێ ئێرانییەکان بەم چەشنە دژی ئێمە هانبدەن. ئەم پرسیارە جێی سەرنجە و پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی لەسەر بکرێت[٢].)**

دوای ئەوە کە حەسەن حەسەنۆڤ بەرپرسیاریی فەرمانبەرە ڕەوانە کراوەکانی بۆ ئازەربایجان وەرگرت، بازنەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان بەرین کردەوە. ڕۆژی ١٣٢٢/١٢/٢٦ (١٩٤٤/٣/١٧) لە تەورێز چاوی بە عەبدولڕەحمانی زەبیحی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ژێکاف کەوت. لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بەو دیدارەی، ئاماژەی بۆ سێ خاڵ کردووە:

**١- (بە وتەی زەبیحی هاودەنگیی کردنی کۆمەڵەی ژێکاف و کوردەکان بۆ پێدانی مافی نەوتی باکوری ئێران بە سۆڤیەت و پتەوبوونی پەیوەندیی نێوان ئێران و سۆڤیەت، بەرزبوونەوەی پلەی فەرهەنگیی گەلانی ئێران و دەستەبەرکردنی ئازادیی بە دواوە دەبێت.**

**٢- گەشتی فەهیمی ئەندامی پارلەمانی ئێران بۆ مهاباد لە ١٣٢٢/١٠/٢٤ (١٩٤٤/١/١٥) و ئاراستە کردنی گەڵاڵەیەکی پێشنیازیی لە لایەن هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ئێراندا.**

**٣- داوای زەبیحی لە کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز بۆ کڕینی چاپخانەیەک لە سۆڤیەت بۆ چاپی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ژێکاف کە حەسەنۆڤ ڕایگەیاندووە: بە داخەوە ئێستا ئێمە توانای جێبەجێکردنی ئەم داواکارییەمان نیە[٣].)**

دوای ئەو دیدارەی زەبیحی لەگەڵ حەسەن حەسەنۆڤ، ڕۆژی ١٣٢٣/٦/١٨ (١٩٤٤/٩/٩) قاسم ئێلخانیزادە لە تەورێز چاوی بە حەسەنۆڤ دەکەوێت. حەسەنۆڤ دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنەی، ئاماژە بۆ وتەکانی ئێلخانیزادە دەکات و دەنوسێت:

**- (ئێمە دەمانەوێ خوێندنگە و چاپەمەنیمان بە زمانی خۆمان هەبێت، بەڵام ئێمە بەبێ یارمەتی دەرەوە، زەحمەتە بە مەبەستی خۆمان بگەین. کوردەکان لەو باوەڕەدان کە دۆستی گەلانی بچوک، لەوانیش گەلی کورد، یەکیەتی سۆڤیەتە. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ئازادیی گەلی کوردمان لە یەکیەتی سۆڤیەت دەوێت. لەبەرئەوە داوا لە کۆنسوڵی سۆڤیەت دەکەین کە داواکارییەکانمان بە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت بگەیەنێت، تا کورد بخاتە ژێر باڵی خۆی و بۆ ئازادکردنی کوردستان یارمەتیمان بدات.)**

حەسەنۆڤ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت: **(منیش لە وەڵامدا گوتم ئێستا یەکیەتی سۆڤیەت لە شەڕدایە و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانەی نیە.)** حەسەنۆڤ پاشان ئاماژە بۆ وەڵامی ئێلخانیزادە دەکات و دەڵێت: **(ئێلخانیزادە گوتی لەم بارەیەوە تێدەگات، بەڵام**

**لەبەرئەوەی کە شەڕ خەریکە کۆتایی پێدێو بەم زووانە وتووێژی ئاشتیی دەست پێدەکات، دەیەوێ دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت لە دامەزراندن و مەبەستی ئەم ڕێکخراوە ئاگادار بکاتەوە. چونکە گەلی کورد هیوای بە یەکیەتی سۆڤیەتە. منیش گوتم داواکارییەکەی دەگەیەنمە دەوڵەتی خۆمان.)** حەسەنۆڤ لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت:

**- (لە وەڵامی پرسیاری مندا کە ئایا ئەو ڕێکخراوەی ئێوە بەرنامەی هەیە؟ ئێلخانیزادە گوتی: بەڵێ و بەڵێنی پێدام کە دانەیەکم بۆ بهێنێت. ڕۆژی ١٣٢٣/٦/٢٢ (١٩٤٤/٩/١٣) بۆ جاری دووەم ئێلخانیزادە و ئەم جارەیان لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی هاتەوە لام. دانەیەک لە پرۆگرامی پارتەکەی خۆیانی بە زمانی کوردیی بۆ هێنام "وەرگێڕاوە ڕوسییەکەی پێشکەش دەکرێت". زەبیحی وتەکانی ئێلخانیزادەی دووپاتکردەوە و گوتی: ژێکاف بە تەواویی ڕێکخراوێکی نهێنییە و تا ئێستا شەش ژمارە گۆڤاری "نیشتمان"ی دەرکردووە. زەبیحی پێنج ژمارەی ئەو گۆڤارەی پێمدا. نیشتمان لە تەواوی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئینگلیزەکان بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەیان لە عێراق یاساخ کردووە[٤].)**

یەکەم پەیوەندیی باشی کۆمەڵەی ژێکاف بە سۆڤیەتەوە، سەرەتا بە ئاراستە کردنی ڕاپۆرتێکی ئاگاداریی ژێکاف بە ئیمزای عەبدولڕەحمان زەبیحی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە، بە حەسەن حەسەنۆڤ لە ڕۆژی ١٣٢٣/٧/٥ (١٩٤٤/٩/٢٧)دا دەستی پێکردووە. واتە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف دوای هەوڵدانی پتر لە شانزە مانگ بەسەر بڕیاری قەڵای سارمێ دا، پەیوەندیی ڕەسمییان لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت لە تەورێز دامەزراندووە.

ماکسیمۆڤ باڵیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران کە بەو پەیوەندییە دەزانێت، لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٣٢٣/٨/٢٢(١٩٤٤/١١/١٣) یدا، ئەرکی باڵیۆز

و کۆنسۆلەکانی سۆڤیەت لە ئێران بەرامبەر بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ڕوون دەکاتەوە و دەنوسێت: **(ئەرکی ئێمە بەرامبەر بەو پارتە، دەبێ ئەوە بێت کە بە وردیی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.[٥])**

١- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، ف ٤٩- ئو ٣٠- د ٦٦ – پ ٣٤٨، لاپەڕەی ١٢٤- ١٣٦. بڕوانە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ٩٤، هەولێر، چاپی ئاراس، نوسینی حامید گەوهەری.

٢- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیەی فیدراتیڤ، ف ٤٩- ئو ٢٩- د ١٩٦ - پ ٣٣٢، لاپەڕەی ١٧-١٨. بڕوانە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ٩٦-٩٧، هەولێر، چاپی ئاراس، نوسینی حامید گەوهەری.

٣- هەمان سەرچاوە، ف ٤٩- ئو ٣٠- د ٦٦ - پ ٣٤٨، لاپەڕەی ١٢٤-١٣٦.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیەی فیدراتیڤ، ف ٤٩، ئو٣١- د ٧٠- پ ٣٥٤، لاپەڕەی ١٢ و ١٣.

# مهاباد شوێنی به ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مهاباد شارێکی گرنگ و بەرچاوە. لە سەردەمەکانی کۆنەوە هەستی نەتەوایەتی تێدا بەرزە و بە شوێنێکی ستراتیژیی دەناسرێت. پانتایی ٢٥٩١ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژیی (٤٣ - ٤٥) پلەی ڕۆژهەڵات و هێڵی پانیی (٣٦- ٤٦) پلەی باکوری هێڵی گرینویچ. کەش و هەوای کوێستانییە. زستانەکانی سارد و هاوینەکانی خۆش و دڵگیرن. چیا بەرز و سەرکەشەکانی "کانی شێخان، خەزایی، قوڵقولاخ، قەڵای سارم بەگ، زاوا و بوک، داشا مەجید و بەردە سپیان" دەوریان پاوان کردووە و ڕوبارێکی بە ناودا دەڕوات کە سەرچاوەکەی لە بەرزاییەکانی "جانداران" لە باشوری خۆرئاوای مهابادە و هەر بە ناوی ڕوباری مهابادە دەناسرێت. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوییدا، ئەندازیارە یوگۆسلاڤییەکان بەنداوێکیان لەسەر ئەو ڕوبارە دروستکرد کە بە سەدی مهاباد دەناسرێت و لە باشوری ڕۆژئاوای مهاباد دایە. ئەو بەنداوە ڕۆژی ١٣٤٩/٧/٢ کەوتە بواری کەڵکلێوەرگرتنەوە.

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و پاشماوە دۆزراوەکان لە لایەن شوێنەوارناسانەوە، باسی ئەوە دەکەن کە ناوچەی مهاباد بە لایەنی کەمەوە بۆ سەدەکانی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ. ز دەگەڕێتەوە و لە کۆنەوە شوێنی ژیان بووە. یەکێک لەو پاشماوانە نوسراوەیەکی بزمارییی "مینەوا"یە کە لە نێوان ساڵانی ٨١٢- ٧٧٨ ی پ. ز دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە. ئەو بەردە بزمارییە تا ساڵی ١٨٩٠ مابوو، دواتر نەماوە. پاشماوەیەکی تر پلە بەردییەکان و ڕێڕەوێکی ژێر زەوییە کە بە "بەردە کۆنتێ" دەناسرێت و باسی فەرمانڕەوایی خێڵێکی تر بە ناوی "وانیها" لە ناوچەکەدا دەکات. پاشماوەی گۆڕستانی فرورتیش کوڕی دیاکۆ یەکەم

پاشای مادی (٦٥٥- ٦٣٣ پ. ز) لێیە کە پێشاندەدات شارستانیی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و ئاشورییەکان.

ساڵی ١١٠٢، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا سلێمانی بداق سوڵتان کوڕی شێرخانی موکریی، شا عەباسی یەکەمی سەفەوی دەستی بەسەر مهاباددا گرتووە و ناوی مهابادیان گۆڕی بۆ "ساوق بڵاغ" واتە "کانیی سارد" کە ناوێکی تورکیی بووە و لەوێوە ناوی "سابڵاغ" لە ئەدەبیاتی ناوچەکەدا جێی گرتووە و دواتر فارسەکان"ساوجبلاغ"یان پێگوتووە. دوو شوێنەواری مێژوویی شاری مهاباد، واتە پردی سور لە ١١٠٠ و مزگەوتی سور لە ١١١٠ دروستکراون. لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی قاجارەکاندا مهاباد بە ناوی "ساوجبڵاغ" تۆمارکراوە. لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویی و لە ساڵی ١٩٣٥ دا کە سێڵاوێکی بە تەوژم، دوو گەڕەکی شاری سابڵاغی وێران کرد، ناوی سابڵاغیان گەڕاندەوە بۆ ناوەکەی خۆی کە مهاباد بووە[١].



فەقرەقا مەزارگەی مادەکان لە نزیک گوندی قومقەڵا، لە دە مایلیی مهاباد،
لە کتێبی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦، نوسینی ئیگلتن وەرگیراوە.

ناوچەی مهاباد لە کۆنەوە ناوەندێکی کوردنشین بووە و "پۆتلیمۆس"[٢] ئەوێی بە داروشا و "ڕاولینسۆن"[٣] بە دریاز ناساندووە. گوندی دریاز ئەمڕۆ لە باکوری شاری مهابادە. لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا، ئەو ناوچەیە بەشێک بوو لە هەرێمی ئیمپراتۆریی هەخامەنشی و لە سەردەمی ئەسکەندەردا سەر بە "ئاتوپاتن" ماد بووە. ئاتروپاتی هەخامەنشی و دواتر جێنشینەکەی حوکمیان بەسەردا کردووە. لە سەردەمی سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا بەگوێرەی توانای جەنگیی، یەکێک لەو دووانە حوکمیان بەسەردا کردووە.

ئەوەی لە دەورەی نوێی چوار سەد ساڵی ڕابردووی مهابادا دەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین، هەلومەرجی جوگرافیایی و مێژوویی و بوونی کەسایەتی ناودار و خێڵی خاوەن دەسەڵات و شوێندانەری ناوچەکەیە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا کە ئەو شارەیان وەک ناوەندێکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی و ئابووری لێکردووە.

مهاباد شوێنی لە دایکبوونی دەیان زانا، شاعیر، نوسەر و سیاسی لێهاتووی کوردە. دوای بزوتنەوە جەماوەرییەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە ١٨٨٠ دا کە خەڵکی مهاباد بەشدارییان تێدا کرد، مهاباد لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا کەوتە بەر هەڕەشەی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانیی و ڕوسیای قەیسەریی "روسیای تزار" و سەدان کەسیان لێ کوشت. خەڵکی مهاباد بەشداریی بزوتنەوەی سمکۆی شکاک و مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕییان کرد و یەکەم شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە شۆڕش و بزوتنەوەکانی کوردی تێدا بە ڕێکخراوکرا.

ساڵی ١٩٣٨ یەکەم ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "کۆمەڵەی ئازادییخوازیی کوردستان" کە بۆ سەربەخۆیی کوردستانی گەورە و ئازادکردنی گەلی کورد هەوڵیدەدا، لە مهاباد پێکهات و دواتر ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و ساڵی ١٩٤٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرئەنجام ساڵی ١٩٤٦ یەکەم کۆماری کوردیی تێدا

دامەزرا کە لەم کتێبەدا لەگەڵ مێژووی ئەو ڕێکخراوانە و کەسایەتییە پێشڕەوەکانیان ئاشنا دەبن.

دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو خاکی کوردستان لە ١٣٢٠/٦/٣ (١٩٤١/٨/٢٥)، سوپا، ژاندارمەریی، شارەبانیی و دەزگا پۆلیسییەکانی ئێران لە مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنۆ و پیرانشار ڕایانکرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەوڵەتی ئێران بە مۆڵەت وەرگرتن لە ڕوسەکان، شارەبانیی و فەرمانداریی مهابادی دامەزراندەوە. کەسێکیان بە ناوی "سەریعولقەلەم" کە پێشتر بەڕێوەبەری پەروەردەی مهاباد بوو، کرد بە فەرماندار و سەرگوردێکی خەڵکی کرماشانیشیان بە ناوی "قوبادی" کرد بە بەڕێوبەری شارەبانیی، بەڵام ئەم جارەیان حکومەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەستی لە کاروباری خەڵک وەرنەدا و پلانەکانی بە هۆی دوو بەکرێگیراوی خۆی بەناوی "قەرەنی ئاغای مامەش" و "عەلی ئاغای دێبوکری" (ئەمیر ئەسعەد) جێبەجێ دەکرد.

لە پەنای ئەو دەزگا حکومییانەدا، خەڵکی مهاباد بۆ خۆیان شورایەکیان دامەزراند کە محەمەد قازی "قازی محەمەد" سەرۆکایەتی دەکرد و مستەفا سوڵتانییان، عەلی ڕیحانی، ئیبراهیم ئیبراهیمیان 'نەوجەوان"، محەمەد ئەمینی شەرەفی، سەید محەمەدی سەید نیزامی "سەید پیرە" و چەند کەسێکی تر ئەندامی بوون. شورا سەرپەرەشتیی کاروباری شار و ئاسایيشی خەڵکی شاری لە ئەستۆ گرتبوو.(٤)

مهاباد لە بواری ئابوورییەوە، شارێکی دواکەوتووە و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان نەیانهێشتووە گەشەبکات و هیچ کارگەیەکی پیشەسازیی نیە. خەڵکەکەی پتر بە دوکانداریی و دەستفرۆشیی و کاری بازرگانی و وەرزیی و ... تد، ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

لە سەردمی دەسەڵاتداریی ڕەزاشا و محەمەد ڕەزای کوڕیدا، هەزاران خەباتکاری ڕێی ئازادیی لە مهاباد گیران و ئەشکەنجەدران و بە

هەزارانیش ئاوارەی هەندەران كران. كەسایەتی ناوداری كورد عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان بە تاوانی داواكردنی ئازادیی بۆ گەلی كورد، دوای ڕوخانی كۆماری كوردستان، بۆ ماوەی ٢٤ و ٢٥ ساڵ لە زیندان و ئەشكەنجەگاكانی ڕژێمی پەهلەوییدا زیندانیی كران. عەزیز یوسفی بە هۆی نەخۆشییەوە پێش سەركەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ لە زیندان ئازادكرا و غەنی بلوریان لە سەردەمی سەركەوتنی شۆڕش و ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوییدا، لەگەڵ زیندانییە سیاسییەكانی تر ئازادكرا.

دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلامە شیعەكان لە ئێراندا، سوپا و سوپای پاسداران و هێزە چەكدارەكانی ڕژێمی ئیسلامیی، پەلاماری كوردستان و لەوانیش شاری مهابادیان دا و دەیان هەزار كەسیان لە خەڵكی ئەو شارانە بە تاك و بە كۆمەڵ كوشت، یان ناچاریان كردن ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێبهێڵن و پەنا بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكا، تەنانەت ئەوسترالیا و تد.. ببەن. حوجەتولئیسلام حەسەنی ئیمام جومعە و نوێنەری ئایەتوڵا خومەینی لە ورمێ ڕایگەیاند: **(مهاباد وێران دەكەن و پەتاتەی لێدەچێنن.)**

ئەوان مهابادیان بۆ وێران نەكرا كە پەتاتەی لێ بچێنن، بەڵام بۆ ئەوەی كە پێش بە گەشەكردنی بگرن، بەشێك لە گوندەكانی ناوچەی شامات، شازدە (شازاد)، چۆمی مەجیدخان، دۆڵی ماسوێ و دایماویان لێكردەوە و خستیانە سەر میاندواو و نەغەدە كە لە بوارەكانی بەڕێوەبەرایەتی، ئابووری، فەرهەنگیی و سیاسییەوە، پەیوەندیی دانیشتووانی ئەو گوندانە لەگەڵ خەڵكی مهاباد بپچڕن. بڕواننە ئەم ئامارانەی خوارەوە و بزانن كردەوەی ڕژێمی كۆماری ئیسلامیی بەرامبەر شاری مهاباد و خەڵكەكەی چەند جێی شەرم و سەرسوڕمانە.

بەگوێرەی نوسراوی "دائره المعارف"ی ئێران كە ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) ئامادەكراوە و ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) بۆ جاری شەشەم چاپ و بڵاوكراوەتەوە، دانیشتووانی مهاباد ١٩٦ هەزار و ٨١٢ كەس بووە.

بە سەرژمێریی ساڵی ١٣٨٥ (٢٠٠٦) ی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دانیشتووانی مهاباد لەو ساڵەدا گەیشتووەتە ١٩٧ هەزار و ٤٤١ کەس، واتە لە ماوەی ٢٧ ساڵدا ڕێژەی دانیشتووانی مهاباد ٦٢٩ کەسی بۆ زیاد بووە! ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی دانیشتووانی ئێران کە لە ساڵی ١٣٥٥ (١٩٧٦)، ٣٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس بووە، لە ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦) گەیشتووەتە ٤٩ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەس و ئەمڕۆ لە ساڵی ١٣٨٩دا، ٧٠ ملیۆن و ٤٧٢ هەزار کەسە!

١- بۆ نوسینی ئەم بەشە لە سایتی ویکیپیدیای فارسیی سودوەرگیراوە.

٢- ئەستێرەناس و زانای ماتماتیکی یۆنانیی، نزیکەی ١٩٠٠ ساڵ لەمەوبەر ڕایگەیاند کە ئەستێرەکان بە دەوری زەویدا ئەسوڕێنەوە، بەڵام ٤٠٠ ساڵ دوای ئەو، ئەستێرەناسان بۆیان دەرکەوت کە پۆتلیمۆس لەم بارەیەوە بە هەڵە چووە.

٣- هێنری ڕاولینسۆن ئاسیاناس و دیپلۆماتی ئینگلیزیی ١٨١٠- ١٨٩٥، دوای شەش ساڵ مانەوە لە هیندوستان و فێربوونی زمانی فارسیی، لەگەڵ سوپای ئینگلیز چووەتە ئێران و نوسینە بزمارییەکانی سەر بەردەکانی "بێستون" ی بۆ زمانی ئینگلیزیی وەرگێڕاوە.

٤- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ١٠٩، نوسینی حامید گەوهەری، چاپی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

# خەبات بۆ نەوت و گەشتی کاربەدەستانی ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ تاران

لە مانگی جونی ١٩٤٤ (پوشپەڕی ١٣٢٣) لە واشنتۆن کۆنفڕانسێک سەبارەت بە نەوت لە نێوان ئینگلیز و ئەمریکادا پێکهات. لەو کۆنفڕانسەدا کە ماوەی دە ڕۆژی خایاند، دەربارەی نەوتی ئێران وتووێژ کرا.(١)

پێش ئەو کۆنفڕانسە، لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٤ (خاکەلێوە - گوڵانی ١٣٢٣) کە "برایتۆن" کرابوو بە جێگری دوکتۆر "میلسپۆ" ڕاوێژکاریماڵیی ئەمریکا لە ئێران، هاتە تاران. لە ڕاستییدا ئەو نوێنەری کۆمپانیای ئەمریکایی "سینگلەر" بوو کە چاوی لە سەرچاوە نەوتییەکانی بلوچستان بڕیبوو. نوێنەرانی کۆمپانیایەکی تری ئەمریکایی بە ناوی "ئەمێریکان سیتەرنکۆ" لە ئێران خەریکی وتووێژ بوون. لە مانگی جولی ١٩٤٤ (پوشپەڕ- گەلاوێژی ١٣٢٣) دا دەوڵەتانی ئێران و ئەمریکا و کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بە نهێنی دەستیان بە وتووێژەکانیان کرد.(٢) بە بۆچوونی ئێرانییەکان، ئەو وتووێژانە نهێنی بوون، بەڵام دەزگاکانی هەواڵگریی سۆڤیەت ئاگاداری ئەو وتووێژانە بوون.

میگۆنۆڤ نوێنەری بازرگانیی یەکیەتی سۆڤیەت لە تاران، زانیارییە کۆکراوەکانی دەربارەی وتووێژەکانی نەوت، لە مانگی ئاگۆستی ١٩٤٤ (گەلاوێژ- خەرمانانی ١٣٢٣) بە نهێنی ڕەوانەی میرجەعفەر باقرۆڤ کرد.(٣) یەکیەتی سۆڤیەت چالاکییەکانی ئەمریکای لەژێر چاودێرییدا بوو، ئۆرگانە دیپلۆماتیی، سەربازیی و ئەمنییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بە شوێن هەموو پرۆسەکانی پەیوەنددار بە کێشەکانی نەوتەوە بوون.

لە ڕاستیدا ناردنی کارگێڕانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانی ئێران، بە بەشێک لەو سیاسەتە نەوتییەی مۆسکۆ لە ئێراندا دەژمێررا،

ڕۆژی ١٣٢٣/٧/٣ (١٩٤٤/٩/٢٥) دەوڵەتی سۆڤیەت لە یادداشتێکیدا بۆ سەرۆکوەزیرانی ئێران، داوای ئیمتیاز و مافی پشکنین و دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی سمنان، گورگان، مازندەران، گیلان و ئازەربایجانی کرد. هەرچەندە لە سەرەتادا محەمەد ساعد بەڵێنی پێدان کە لە مەجلسی شورای میللیدا داخوازیی یەکیەتی سۆڤیەت پەسەند دەکات، بەڵام بە بیانووی جیاوازەوە، وەڵامدانەوەی ئەو داخوازییەی پشتگوێ خست.

ڕۆژی ١٣٢٣/٧/١٠ (١٩٤٤/١٠/٢) محەمەد ساعد پێشنیازی یەکیەتی سۆڤیەتی خستە بەرباسی هەیئەتی وەزیران. هەرچەندە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا تا کۆتایی جەنگ هیچ پەیمانێک سەبارەت بە نەوت نەدرێت، کەچی ساعد ئێوارەی هەمان ڕۆژ ڕایگەیاند بە هۆی دۆخی تایبەتەوە، هەیئەتی وەزیران نەیتوانی بڕیاربدات. لەگەڵ ئەوەشدا مەجلیسی شورای میللیی لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا هیچ چەشنە پەیمانێکی سەبارەت بە نەوت پەسەندنەکرد. ڕۆژی ١٣٢٣/٩/٣ (١٩٤٤/١٠/٢٥)، شاندی ڕوسیا بەبێ وەرگرتنی وەڵام، ئێرانی بەجێهێشت.

دوای ئەوە، دەوڵەتی سۆڤیەت زنجیرە ڕقەبەرایەتییەکی دژی ساعد بەڕێوەبرد، لەوانە: نەیهێشت شەمەنەفەرەکانی هەڵگری ئازوقە لە ئازەربایجانەوە بچن بۆ تاران. کۆتاییهێنا بە هەموو پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ سەرۆکوەزیران. لە تاران و بەتایبەتیی لە شارەکانی باکوری ئێران، بە بەشداریی چالاکانەی کۆنسوڵخانەکان و سەرۆکی دیژبانەکان، میتینگ و خۆپێشاندانی دژی ساعد دروستکرد.(٤)

لە کوردستان، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف گرنگییەکی تایبەتییان دا بە پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران بە یەکیەتی سۆڤیەت، تەنانەت بە ناوی نۆ ملیۆن کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، داوای پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێرانیان بە سۆڤیەت کرد. لە پاییزی ١٣٢٣دا بە ناوی کوردەکانی ئێرانەوە، داوای بەلاوەنانی حکومەتی کۆنەپەرستی

"محەمە ساعد مەراغەیی"[٥] و پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێرانیان بە یەکیەتی سۆڤیەت کرد. بەڵگەنامە ڕوسییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ژێکاف لەگەڵ حیزبی تودە و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی تری ئێران، دژی سیاسەتی کۆنەپەرستان، هاودەنگیی دەربڕیوە و لە ناوچە کوردنشینەکاندا چالاکانە لە بەرامبەر کاربەدەستە کۆنەپەرستەکاندا هەوڵیداوە. هەروەها دژی کۆمەڵی "سەید زیائەدین" و لایەنگرانی لە ڕێکخراوی "یەکیەتی هۆزە ئێرانییەکان" ڕاوەستاوە کە ژمارەیەک دەرەبەگی کوردیش ئەندامی بووە. نمونەیەک کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، کۆبوونەوەی ژمارەیەک دەرەبەگ و سەرۆک هۆزی کورد بووە کە ڕۆژانی ١٣٢٤/١/٣٠ تا ١٣٢٤/٢/٢ (١٩-١٩٤٥/٤/٢٢) لە دەوروبەری مهاباد پێکهاتووە. پرسیاری هەرە گرنگ لەو کۆبوونەوەیەدا، لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی هەنگاونان دژی پارتی ژێکاف و لەمپەر خستنە سەر ڕێی گەشەسەندن و پەرەگرتنی ئەو پارتیە بووە.[٦]

حەسەن حەسەنۆڤ کۆنسۆلی سۆڤیەت لە تەورێز لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٣٢٢/١٢/٢٦(١٩٤٤/٣/١٧) دا ئاماژە بۆ دیداری لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی دەکات و دەنوسێت: **(زەبیحی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف ڕایگەیاند، ژێکاف کارێکی زۆری لە ناو کورداندا کردووە. بۆ نمونە بەیاننامەیەکی تایبەتیی سەبارەت بە پێدانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەت بە زمانی کوردیی بڵاوکردۆتەوە و ڕەخنەی لە حکومەتی "ساعید" گرتووە و لە لایەن نۆ ملیۆن کوردەوە داوای پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێرانی بە سۆڤیەت کردووە. ئەم بەیاننامەیە لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.**

**لە مهاباد کاریکاتۆرێکی هیتلێر و ساعد سەرۆکوەزیرانی ئێرانیان دروستکردووە و لە شەقامی سەرەکیی شاردا هەڵیانواسیوە. لەو**

كاریكاتۆرەدا هیتلێر بە تەلەفۆن فەرمان بە ساعید دەدات كە ئیمتیازی نەوتی ئێران بە یەكیەتی سۆڤیەت نەدرێت.

پارتی ژێكاف بروسكەیەكی بە ئیمزای ٣١٢ كەس لە پیاوماقوڵ و ناسراوەكانی كورد بۆ پارلەمانی ئێران و ڕۆژنامەكانی تاران ناردووە و داوای كردووە ئیمتیازی نەوتی ئێران بدرێت بە سۆڤیەت. لە زۆربەی گوند و ناوچە كوردنشینەكاندا، بۆ ئەو مەبەستە كۆبوونەوەیان كردووە. ڕۆژی ١٠ ی فێبرواری ئەم ساڵ لە لایەن كۆمەڵەی ژێكافەوە، كۆبوونەوەیەكی سێ هەزار كەسیی لە شاری مهاباد پێكهات. لاوێكی كوردی ئەندامی ژێكاف بە ناوی محەمەد "مەبەست لە قازی محەمەدە-نوسەر" ڕووی لە بەشدارانی كۆبوونەوەكە كرد و گوتی:

- (برایانی خۆشەویست و ئاغایانی بەڕێز، بە بۆنەی بەشدارییكردنتان لەم كۆبوونەوەیەدا سوپاستان دەكەم. من كە ئێوە دەبینم خۆم بە بەختەوەر دەزانم. گەلی كورد كێشەی زۆری لە پێشە و دەبێت ئێمە باسیان بكەین، بەڵام ئەمڕۆ من تەنیا لەسەر یەكێك لەو كێشانە دەدوێم. ئەمڕۆ بەرامبەر بە گەلی كورد كێشەیەكی گەورە لە ئارادایە كە دەمەوێت بۆ ئێوەی ڕوونبكەمەوە، ئەویش كێشەی نەوتە. هەر وەك دەزانن لەم دواییانەدا دەوڵەتی یەكیەتی سۆڤیەت داوای دەرهێنانی نەوتی باكوری ئێرانی لە دەوڵەت كردووە، بەڵام حكومەتی ساعد ئەم پێشنیازەی ڕەتكردۆتەوە و چارەسەركردنی ئەم پرسیارەی بۆ دوای شەڕ هێشتۆتەوە. حكومەتی ساعد بڕیارێكی بەپەلە و هەڵنەسەنگێنراوی داوە، چونكە دەوڵەتی یەكیەتی سۆڤیەت لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا چالاكییەكی زۆری بەرامبەر بە خەڵكی ئێران كردووە. وەك دەزانین سێ ملیۆن كوردیش لەم خێر و بەرەكەتەدا بەشداربوون. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییشدا دەوڵەتی یەكیەتی سۆڤیەت هێندە چاكەی بەرامبەر بە گەلی كورد كردووە كە هیچ كوردێكی نیشتمانپەروەر ناتوانێ لە بیری بكات. كێ لە ئێوە ئەوەی لە بیر دەچێتەوە كە كوردەكان لە ماوەی

دەسەڵاتی ڕەزاشادا لەژێر چەوسانەوەدا بوون؟ هیچ مافێک بە کورد نەدراوە و ڕێزیان لە هیچ کوردێکی ناودار نەدەگرت و ئازاریان دەدان. دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ناو ئێران، کۆتایی بە کوێرەوەریی و هەژاریی گەلی کورد هات.

لە ماوەی دەسەڵاتداریی ساعیددا ناحەقییەکی زۆر لە کورد کراوە. شاری بانە و گوندەکانی دەوروبەری سوتێنراون. براکانمان بە بێ ماڵ و خانوو مانەوە. ناچارکران هەڵوەدای شاخەکان ببن. ئەمە سەرەتای هەڵوێستی ساعید بوو بەرامبەر بە گەلی کورد و نابێت ئێمە ئەمە لە بیر بکەین. ئێستا ساعید بە پێنەدانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە سۆڤیەت، دەیەوێت قەیرانی ئابووری لە وڵاتدا دروست بکات کە بەم چەشنە دەکرێت بڵێین دەبێ بە هۆی خراپترکردنی بارودۆخی ئابوری خەڵکی ئێران و بەتایبەتیی سێ ملیۆن کوردی ئێران.

دەوڵەتی ئێران دەترسێ ئیمتیازی نەوت بدات بە دەوڵەتی سۆڤیەت، چونکە دەزانێ دوای تەواوبوونی شەڕ دۆستایەتی لە نێوان گەلی ئێران و سۆڤیەت بەهێزتر دەبێت. ئاستی فەرهەنگیی ئێران گەشەی پێدەدرێت و ئەو کاتە گەلان داوای مافی خۆیان دەکەن. وەک ئاشکرایە دوای هاتنی لەشکری سور بۆ ئێران و دوای بەستنی پەیمان لە نێوان ئێران، سۆڤیەت و ئینگلیزدا، دەوڵەتی ئێران نایەوێ دانیشتووانی ئێران لەگەڵ ئەندامانی سوپای سۆڤیەت پەیوەندییان هەبێت. گەلی کورد بەتایبەتیی لە ناو گەلانی ئێراندا، چیتر دەسەڵاتداریی ساعید قبوڵ ناکات و نایەوێ ئەو سەرۆکی حکومەتی ئێران بێ و پەیوەندیی ئێران و سۆڤیەت تێک بچێت.

گەلی کورد باش دەزانێت کە ئەگەر ئیمتیازی نەوت بە یەکیەتی سۆڤیەت بدرێت، کوردی هەژار دەتوانێ بچێ لەوێ کاربکات و زانیاریی و شارەزایی بەدەستبهێنێت و لە کاروباری فەرهەنگییەوە بەرەوپێش

# حیزبی تودەی ئێران دژی دامەزراندنی حیزبی سەربەخۆ بۆ ئازەربایجان دەوەستێت

بارودۆخی ئازەربایجان بەپێچەوانەی کوردستان بوو. لەوێ نە ڕێکخراوێکی تایبەت بە نەتەوەی ئازەربایجان هەبوو کە بۆ ئاوات و ئامانجەکانی گەلی ئازەربایجان هەوڵبداو نە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی کە پشتیوانیی لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی ئازەربایجان بکات. حیزبی نزیک بە گەلی ئازەربایجان، هەمان حیزبی تودەی ئێران بوو کە لە پاشماوەکانی حیزبی کۆمونیستی ئێران پێکهاتبوو و مەبەست و ئامانجی، چارەسەرکردنی کێشەی چینایەتی و بە دیموکراتیی کردنی ئێران بوو، نەک پێڕاگەیشتن بە کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران.

هەرچەندە تا ئەو ڕۆژە، چالاکییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەیالەتیی حیزبی تودە جێی ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت نەبوو، بەڵام کاربەدەستانی سۆڤیەت بڕیاریاندا لە کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە لە ئازەربایجان، حیزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتیی بۆ گەلی ئازەربایجان پێکبهێنن و ئەرکی چارەسەری کێشەی ئازەربایجان بخەنە ئەستۆی. بۆ ئەو مەبەستە، ڕۆژی ١٣٢٣/١٠/٢١ (١٩٤٥/١/١١) یەکەم کۆنفرانسی ئەیالەتیی حیزبی تودەیان لە تەورێز پێکهێنا.

حیزبی تودە لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤١ (ڕەزبەر- خەزەڵوەری ١٣٢٠) لەسەر بنەمای حیزبی کۆمونیستی ئێران دامەزرا. **دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران، لەو کۆمونیستە کۆنانەی کە لە لایەن کۆمێنترنەوە بۆ ئەرکی تایبەت ڕەوانەی ئێران کرابوون، گۆڕان ڕوویدا، بەڵام ئەوان بۆ سۆڤیەت جێی متمانە و باوەڕپێکردن نەبوون.** زۆربەی هاوڕێیانیان لە لایەن ستالینەوە لە یەکیەتی سۆڤیەت بێسەرشوێن کرابوون. بەگوێرەی نوسراوە نهێنییەکانی ڕێبەرانی سۆڤیەت، ئەو کۆمونیستە کۆنانە بە سیخوڕییکردن بۆ دەوڵەتانی بێگانە تاوانبار

کرابوون، کۆمێنتترن لە حیزبی کۆمونیستی ئێران ڕازیی نەبوو، بۆ نمونە دەیانگوت ڕێبەرانی ئەو حیزبە بیست و پێنج هەزار تمەنیان بۆ کاروباری حیزب لە کۆمێنترن وەرگرتووە، بەڵام ڕێبەرانیان پارەکەیان دزیوە[١]. جگە لەوە، زانیاریی بە کۆمێنترن گەیشتبوو کە کەسانی سەربە حکومەت خزاونەتە ناو ئەو حیزبەوە.

حیزبی کۆمونیستی ئێران لە ساڵی ١٩٢٧ دا ڕێبازی خەباتی نهێنی گرتبووەبەر و لە ساڵی ١٩٣١ دا کە لە لایەن کۆمێنترنەوە بەلاوەنرا، تەنیا لە ساڵی ١٩٣٦ دا جارێکی تر بە سەرۆکایەتی "تەقی ئەرانیی" ڕووی لە خەباتی ئاشکرا کردەوە. کاتێک حیزبی کۆمونیستی ئێران بەلاوەنرا، بە کۆمونیستەکانی ئێرانیی نیشتەجێ لە مۆسکو گوترا: **(ئێرە میوانخانە نیە، بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، هەر یەک لە ئێمە دە، تا بیست ساڵ لە تەمەنمان لە زینداندا بەسەربردووە، شۆڕشگێر و کۆمونیست نابێ لە زیندان بترسێت[٢].)**

لە ناو کۆمونیستە کۆنەکاندا تەنیا عەبدولسەمەد کامبەخش و ئەردەشیر ئاوانسیان کە بە ناسناوی سەرتیپ پوور خەباتیدەکرد، جێی متمانە بوون. هەردووکیان سەربە مۆسکۆ بوون. "س. یملیانۆڤ" کۆمیسێری ئەمنییەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە ڕاپۆرتێکیدا نوسیویەتی: **(... ئاوانسیان ساڵی ١٩٤٤ بە یارمەتی ئێمە ڕێی بۆ پارلەمانی ئێران کرایەوە. لەو چالاکییانەی کە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیی تودەدا دەیکات، چەپڕەویی زیانبەخش دەبینرێت[٣].)**
سەرنجی دەزگای هەواڵدەریی ئازەربایجان دەربارەی کۆمونیستە کۆنەکان دەگەڕایەوە بۆ پلانەکانی داهاتووی ئەو ڕێکخراوە و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەش دەیویست بەهێزکردنی کۆمیتەی ئەیالەتیی ئازەربایجان لەژێر ڕێبەرایەتی خۆیاندا بێت.

کێشەی ئازەربایجانی ئێران بەرە بەرە ناکۆکیی لە نێوان ڕێبەرانی حیزبی تودە و کاربەدەستانی سۆڤیەتدا پێکهێنا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ دا کە سۆڤیەت دەستیکرد بە بەهێزکردنی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودە، لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەدا گومانی ئەوە سەریهەڵدا کە لەوانەیە ئازەربایجان لە ئێران جیابکەنەوە. لە بنەمادا بیری

لە پێنج بەندەکەی دوایی پۆلیتبیرۆی حیزبی کۆمونیستدا، باسی دیاردە فەرهەنگییەکان کرابوو. لە کۆتاییدا بۆ یارمەتیدانی ئابووری بە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە لە ئازەربایجان، هەروەها هەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی پانزەیەمی مەجلیسی شورای میللیی، بڕیاردرابوو یەک ملیۆن ڕۆبڵ "٦٠٨٦٤٢٦ ریال" بدرێت بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان(٤).

سێ ڕۆژ دوای پەسەندکردنی ئەو بڕیارەی پۆلیتبیرۆی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، وتارێک بە ناوی "پەرەسەندنی چالاکیی کەسانی کۆنەپەرست لە ئێران" بە ئیمزای "ڤلادیمێرۆڤ" لە ڕۆژنامەی "پراڤدا"دا بڵاوکرایەوە. ئەو وتارەی ڤلادیمێرۆڤ بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینە بوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پۆلیتبیرۆ(٥). چاپی ئەو وتارە لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا، بیروڕای ئەرێنی و نەرێنی لێکەوتەوە.

لە پوشپەڕی ۱۳۲٤ (جولای ۱۹٤٥) دا میر جەعفەر باقرۆڤ دوو بروسکەی بۆ "مالنکۆڤ" سکرتێری حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت نارد. لە بروسکەی ڕۆژی ۱۳۲٤/٤/۲۳ (۱۹٤٥/۷/۱٤) دا، داوا لە مالنکۆڤ دەکات بۆ گەشەپێدانی کارەکان لە ئازەربایجان، عەلی عەلییۆڤ سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران بە کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز دابنرێت(٦).

پێش ئەو بڕیارانە لە لایەن حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە نامەیەکیدا بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز، داوانامەیەکی ئاراستە کردبوو. لەو داوانامەیەدا بەگوێرەی ماددەی ۱۲۹ی دەستوری هەمیشەیی یەکیەتی سۆڤیەت، داواکرابوو:

**۱- حیزبی ئێمە بە ڕەسمیی بناسن.**

**۲- بۆ پەرەسەندنی حیزبەکەمان، یارمەتیمان بدەن.**

**۳- ڕێگە بە سوپای ئێران مەدەن کە لە مهاباد نزیک ببێتەوە.**

٤- بە هۆی کاربەدەستانی جێگیرکراوی یەکیەتی سۆڤیەت لە شارەکانی کوردستاندا، فەرمان بدەن کە سەرۆک خێڵە کوردەکان کاری خۆیان بکەن و خۆیان لە کاری سیاسی وەرنەدەن، داوادەکەین ژمارەی فەرمانبەرانتان لە کوردستاندا زیادبکەن.
٥- لە باری کەرەستە و پێویستییە تێکنیکییەکانەوە، گرفتی ئێمە چارەسەربکەن.
٦- دوای گەشەکردنی حیزبمان لە ناوچەکانی سەردەشت، بۆکان، میاندواو، مهاباد، شنۆ، نەغەدە و ورمێ، دەمانەوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێران لەو ناوچانەدا بهێنین، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، یارمەتی پێویستمان بدەن.
٧- داوادەکەین ئەو ناوچانەی ئاماژەمان بۆ کردن، بە کوردستانی ئازاد بناسرێن و بەهۆی کوردە گەنج و خوێندەوار و زاناکانی کوردستانی ئێران، عێراق و سوریاوە، دەوڵەتێکی کاتیی کوردیی دابمەزرێ و دەسەڵاتی ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی ئەو هەرێمانە بگرێتە دەست.
٨- بەپێی بەندی پ ماددەی ٢٤ ی دەستوری یەکیەتی سۆڤیەت، داوا دەکەین ئەو دەوڵەتە کاتییە بە ڕەسمیی بناسن و بە برای کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت قبوڵی بکەن و بیکەن بە ئەندامی یەکیەتی سۆڤیەتی مەزن.
٩- بۆ ئازادکردنی هەرێمەکانی تری کوردستان، داوای داڕشتنی پلان لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە دەکەین.
١٠- بۆ جێبەجێکردنی خاڵە باسکراوەکانی سەرەوە، داوادەکەین دوو، یان چەند ڕاوێژکارێکی خۆتان بنێرن بۆمان.
بە ناوی مرۆڤدۆستیی و شارستانییەوە، داوا لە دەوڵەتی مەزنی یەکیەتی سۆڤیەت دەکەین و هیوادارین بە چەشنی نەتەوە لاواز و ستەملێکراوەکان بڕواننە گەلی کورد و لە دید و مەرحەمەت و عەدالەتی "دنیاداگری" سۆڤیەت دور ڕانەگیرێت.

بژی یەکیەتی سۆڤیەت لایەنگری نەتەوە چەوساوەکان

## بژی مارشاڵ ستالین سەرکردەی هۆشیار و میهرەبانی نەتەوە چەوساوەکان
## بژی پەیمانی برایەتی نێوان کورد و کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت
## ئیدارەی ناوەندیی ژێکاف(٧)

١- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥:
AR SPIHMDA, f. 1,s.89,i,90,v.6-8

٢- هەمان سەرچاوە: Ibid, i.90,v, 4

٣- هەمان سەرچاوە:AR SPIHMDA, f. 1,s.89,i,90,v.4-5 .

٤- هەمان سەرچاوە: Ibid, v.5

٥- ڕۆژنامەی پراڤدا ١٩٤٥، شەشەمی جولی.

٦- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA, f. 1,s.89,i,90,v.16 .

٧- بەڵگەنامەی ژێکاف، لاپەڕەی ١٠٥ و ١٠٦ ی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نوسینی حامید گەوهەری، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

# کۆنفڕانسی یاڵتا



کۆنفڕانسی یاڵتا لە گوگل وەرگیراوە

کۆنفڕانسی یاڵتا کە هەندێک جار کۆنفڕانسی کەریمەشی پێدەگوتری لە مانگەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی واتە لە ١٥- ١٣٢٣/١١/٢٢ (٤-١٩٤٥/٢/١١) لە دورگەی کەریمە لە باشوری ڕوسیە لە کەنارەی دەریای ڕەش پێکهات و هەشت ڕۆژی خایاند. بەشدارانی کۆنفڕانسی یاڵتا هەروەکو کۆنفڕانسی تاران، بەریتی بوون لە: "فرانکلین دلانۆ ڕۆزڤێلت" سەرۆک کۆماری ئەمریکا، "وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچل" سەرۆکوەزیرانی بریتانیا و "جۆزێف ستالین" سەرۆک کۆماری سۆڤیەت. ئەو کۆنفڕانسە یەکێک لەو زنجیرە کۆنفڕانسانە بوو کە بە دوای کۆنفڕانسی تاراندا لە مانگەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی پێکهات. لەو کۆنفڕانسەدا هاوپەیمانان بڕیاریی کۆتایی خۆیان سەبارەت بە تێشکاندنی ئەڵمانیا دا و پەسەندیان کرد سوپای هەرکام لە هاوپەیمانان هێرش بکەنە سەر ناوچەیەکی ئەڵمان، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی هاوبەشیان لەژێر چاودێریی کۆمیسیۆنێکی هاوبەشدا بێت. هاوپەیمانان بڕیاریاندا چەک لە سوپای ئەڵمان داماڵن و خاکەکەی بکەنە سێ بەش. چەرچل توانی بە ڕۆزڤێلت و ستالین بسەلمێنێت کە بەشێک لە خاکی ئەڵمانیا بدرێت بە فەرەنسە. سەبارەت بە چارەنوسی وڵاتە ئەوروپییەکان کە لە دەست ئەڵمانیای داگیرکەر ڕزگار ببوو، ڕێبەرانی وڵاتە هاوپەیمانەکان

# به کۆتا هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی

پاشەکشەی ئەڵمانیا لە خاکی سۆڤیەت و ئەو وڵاتانەی داگیریی کردبوون، هێزەکانی هاوپەیمانانی گەیاندە ناو خاکی ئەڵمانیا. لە کۆتایی مانگی ئاپریلی ١٩٤٥ دا سوپای سۆڤیەت گەیشتە برلین پایتەختی ئەڵمان و تەنیا چەند سەد مەتری مابوو کە بگاتە ئەو ژێر زەمینەی کە هیتلەری تێدابوو. لەبەر ئەوە هیتلەر ڕۆژی ١٣٢٤/٢/١٠ (١٩٤٥/٤/٣٠) خۆی کوشت.

هەشت ڕۆژی دوای خوکوژیی هیتلەر واتە ڕۆژی ١٣٢٤/٢/١٨ (١٩٤٥/٥/٨) هەموو هێزەکانی ئەڵمانیا خۆیان بەدەستەوەدا و بە کردەوە شەڕ لە ئەوروپادا کۆتایی پێهات، بەڵام لە ئاسیا و ئەفریقادا بەردەوام بوو. "پارسین ڕۆخۆس میش" نەوەد و دوو ساڵە کە یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی هیتلەر و من ڕاپۆرتی ناوبراوم لە سایت "سیمرغ" دا خوێندووەتەوە، دەربارەی خۆکوژیی هیتلەر دەڵێت:

**- (مارتین بۆرمان نوسەری تایبەتی هیتلەر فەرمانیدا دەرگای هۆدەی هیتلەر بکەنەوە. من هیتلەرم بینی کە سەری کەوتبووە سەر زەوی. ئێڤا براون لەسەر قەنەفە درێژ ببوو، سەری بەرەو هیتلەر و چۆکی بەرەو سنگی کۆ ببووەوە و کراسێکی تیرەی ڕێ ڕیی سپی لەبەردا بوو. من هەرگیز ئەو دیمەنەم لە بیر ناچێت.)**

دوای شکانی ئەڵمان، ئەمریکا کە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە شەڕ، خەریکی دروستکردنی چەکی کۆمەڵ کوژ و بۆمبی ئەتۆم بوو، هەروەکوو لە بەشی پێشودا گوتم ڕۆژی ١٣٢٤/٥/١٥ (١٩٤٥/٨/٦) بۆمبێکی بەسەر شاری هیروشیما و ڕۆژی ١٣٢٤/٥/١٨ (١٩٤٥/٨/٩) دووەم بۆمبی بەسەر شاری ناگازاکیی ژاپۆن دا خستەخوارەوە و لە ئاکامدا ٢٠٠ هەزار کەسی لە ژاپۆن کوشت و ناچاری کرد ڕۆژی ١٣٢٤/٥/٢٧ (١٩٤٥/٨/١٨) خۆی بەدەستەوە بدات. لە ئاکامدا جەنگی دووەمی جیهانیی ڕۆژی ١٣٢٤/٦/١١ (١٩٤٥/٩/٢) دوای شەش ساڵ بەکۆتا هات. لەو ڕۆژەدا "ئیدوارد مۆرۆ" لە وێستگەی "سی بی ئیس" لە لەندەن ڕاپۆرتی کۆتایی جەنگی بڵاوکردده.

# دامەزراندنی فیرقەی دیموکرات

باقرۆڤ و لایەنگرانی لە ئازەربایجان کە هەوڵی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیان دەدا، هەڵگری ئەو بیرۆکەیە بوون کە فیرقەی دیموکرات بتوانێت لە شارە تورک و کوردنشینەکان، تەنانەت ناوچەی موکریان و شاری مهابادیش، لق دابمەزرێنێت. ئەو بیرۆکەیە لەوەوە هاتبوو کە ئەوان جگە لە چەند ناوچەی کوردستان، هەموو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریان، تا دەگاتە هەوشار و نزیک هەمەدان، بە خاکی ئازەربایجان دادەنا. تەنانەت بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر حکومەتی میللیی ئازەربایجانیان دامەزراند، لە ناو حکومەتەکەیاندا خودموختاریی فەرهەنگیی بە گەلی کورد بدەن.

ئەحمەد یاقوبۆڤ ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران، لە (گەلاوێژی ١٣٢٤) سەرەتای ئاگۆستی ١٩٤٥ هاتە تەورێز. ئامانجی ئەو سەردانەی لە نزیکەوە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەورێز بوو کە پەیوەندیی بە بڕیارەکانی پۆلیتبیرۆ و بڕیارەکانی باکۆوە هەبوو بە مەبەستی توندوتۆڵکردنی کارە سەرەتاییەکان بۆ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان.

کۆسپی سەرەکیی بەردەم دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، حیزبی تودەی ئێران بوون کە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئامادەکارییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، یەکەم هەنگاوی نا و دژی دروشمی ڕزگاریخوازانەی فیرقەی دیموکرات و بۆ ڕێگرتن لە چوونی بازرگانان، پیشەکاران و بەتایبەتیی خاوەن موڵکەکان بۆ ڕیزی فیرقەی دیموکرات، زنجیرە کارێکی تێکدەرانەی کرد کە هەرە توندیان لە "لیقوان" کرا.

ڕۆژی ١٣٢٤/٥/١٨(١٩٤٥/٨/٩) ئەردەشیر ئاوانسیان، ئەمیر خیزیی، ڕەزا ڕەزایی و ئەبولفەزل هاشمی لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ کەس بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەک چوون بۆ لیقوان. لە نێوان پیاوانی حاجی ئیحتشام لیقوانیی خاوەن دێیەکە و بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا شەڕی

**کۆمەڵەش بگۆڕدرێت و قاڵبێکی نوێ دابنێین کە لەگەڵ دروشمە تازەکانمان بێت[٧].)**

دوای ئەو کۆبوونەوەیەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژێکاف، ژماردنی پێچەوانە بۆ هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەستیپێکرد و بە بێ هیچ ڕاگەیاندنێک کۆمەڵەیان هەڵوەشاند و ڕۆژی ١٣٢٤/٨/١ (١٩٤٥/١٠/٢٤) حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە جێی دانا.

---

١- قاسم ئێلخانی زادە کە لە گەشتی باکۆ گەڕایەوە، بۆی دەرکەوت ڕوسەکان لەگەڵ ویستی ژێکاف هاودەنگیی ناکەن و کێشەی کورد بە ئێران، تەنانەت ئازەربایجانی ژێردەستی ئێرانەوە دەبەستنەوە. لەبەرئەوە دوای گەڕانەوەی لە باکۆ، پشتی لە ژێکاف کرد و چووە تەورێز و پەیوەندیی بە کاربەدەستانی حکومەتی ئێرانەوە کرد. مامۆستا هەژار موکریانیی لە (چێشتی مجێور) دا دەڵێت: (ناوبراو یەکەم کەس بوو کە تۆوی خەیانەتی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵەدا دژی ڕێکخراوەکەی چاند.) قاسم ئێلخانی زادە هەر بەو خەیانەتەیەوە نەوەستا، بەڵکوو بەپێی نامەی ڕۆژی ١١ ی سێپتەمبەری ١٩٤٦ ی باڵیۆزی بریتانیا لە تاران کە کەریم حیسامی لە لاپەڕەی ٣١٨- ٣٢٤ ی پێداچوونەوەدا بڵاوی کردووەتەوە، چووەتە لای "ج. دەبلیو. والی" کۆنسوڵی ئینگلیز لە تەورێز و سەرەڕای پێدانی بەڵێنی هاوکاریی و داوای یارمەتی، نهێنییەکانی ژێکافی بە کۆنسوڵی بریتانیا گەیاندووە.

٢-کۆماری ١٩٤٦ ی کوردستان، ویلیام ئیگلتن جۆنز، وەرگێڕانی سەید محەمەد سەمەدی.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٨٩- ٩٠.

٤- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ١٣٦-١٣٧، نوسینی حامید گەوهەری، هەولێر چاپی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.

٥- ڕاپۆرتی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ، لاپەڕەی ١١٣- ١٥٣، ساڵی ١٩٤٥. بڕوانە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لاپەڕەی ١٦٥.

٦- چێشتی مجێور، لاپەڕەی ٧٢، نوسینی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندیی "هەژار"، چاپی یەکەم پاریس، ١٩٩٧.

٧- ئاڵەکۆک، لاپەڕەی ٥٧، نوسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری.

# کۆمیسیۆنی سێ لایەنە دەربارەی ئێران

لە چوارچێوەی بڕیارەکانی کۆنفڕانسی پۆتسدام و کۆنفڕانسی، وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵاتی هاوپەیمان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەم سێ دەوڵەتانە لەسەر دانانی کۆمیسیۆنێک بۆ جێبەجێکردنی قۆناخەکانی تری پاشەکشەی سەربازەکانیان لە ئێران پێکهاتن و ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنەیان بە شێوەی خوارەوە دیاریی کرد:

**١- دەوڵەتانی بریتانیای مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی کۆماره سۆسیالیستییەکای سۆڤیەت لەسەر پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سێ لایەنە دەربارەی ئێران ڕێککەوتن.**

**٢- کۆمیسیۆن دەبی لە کاروباری خۆیدا ئەو بەڵگانەی لەبەر چاو بێت کە لە ماوەی جێگیربوونی هێزەکانی سێ وڵات لە ئێراندا، ئابوری و دامودەزگای ئێران توشی زەرەر و زیان بوون و لەنێو دەوڵەتی ناوەندی و دانیشتوانی هەندێک ناوچە گیروگرفت پەیدا بووە. هەر سێ هێز دان بەوەدا دێنن کە لەم بارەیەوە هەندێک بەرپرسیارن، لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵبدەن یارمەتیی ئێران بدەن بۆ بەدیهێنانی بارێکی ئاسایی لەو ناوچانەدا کە ڕازی بوونی هەموو لایەنەکانی دانیشتووی ئەوێ و ڕاگرتنی دۆستایەتیی نێوان ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی تری تێدا بێت.**

**٣- بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە نیگەرانییەکانی دەوڵەتی ئێران و نەهێشتنی هۆیەکانی گێره و کێشەی نێونەتەوایەتی، کۆمیسیۆن دەبێ خەریکی خێراتر کردنی دەرچوونی هێزەکانی سێ وڵات لە ئێران بێت، تا ئەو جێیەی کە بکرێ بۆ دابینکردنی ئەو ئەرکە پێشنیازە پێویستەکانی ئاراستەی دەوڵەتی ئەو سێ وڵاتە بکات.**

**٤- کۆمیسیۆن دەبێ ئاگاداری:**

ئا- بەڵێنەکانی بریتانیای مەزن و یەکیەتی سۆڤیەت لە پەیمانی یانواری ١٩٤٢ دەربارەی ڕێزلێنانی سەربەخۆیی سیاسیی ئێران، دەسەڵاتدارییەتی، پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران بێت.

ب- دەبێ ڕاگەیەنراوی هاوبەشی سەرۆک ڕۆزڤێلت، ژەنەڕاڵ ستالین ئاغای چەرچل سەبارەت بە ئێران لە کۆنفرانسی تاران لەبەرچاو بێت.

٥- کۆمیسیۆن دەبێ بۆ ئاشتکردنەوە و لابردنی ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان دەوڵەتی ناوەندیی ئێران و هەندێک لە هەرێمەکانی وڵاتدا هەیە، ڕێنوێنی بدات و بۆ ڕێکخستنی شورای هەرێمەکان بەپێی دەستوری هەمیشەیی ئێران یارمەتیی دەوڵەتی ئێران بدات.

٦- پێشنیازەکانی کۆمیسیۆن- بەبێ پەسەندکردنیان لەلایەن سێ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە تا ڕاگەیاندنیان بە دەوڵەتی ئێران- دەبێ بۆ هەموو ئێران بێت و هەروەها ئازەربایجانیش بگرێتەوە.

٧- یاساکانی ئێستا، لەو بەندانەی کە تەواوکەری دەستوری هەمیشەیین دەربارەی شورای هەرێمییەکان دەبێ سەرچاوەی کاربن، بەڵام کۆمیسێون دەبێ پێشنیاز و ڕێنوێنی پێویست دەربارەی هەرچەشنە گۆڕانکارییەک بۆ هەڵبژاردنی شورای هەرێمییەکان بدات. ماف و ئەرکەکانی شورا و هەروەها چۆنیەتی دابینکردنی دۆخی ئابوریی شوراکان ڕون بکاتەوە.

٨- کۆمیسیۆن هەروەها دەبێ ئامۆژگاریی و ڕێنوێنی پێویست ئاراستە بکات دەربارەی بەکارهێنانی ئازادیی زمان بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان وەک: عەرەبەکان، تورکەکان و کوردەکان بۆ مەبەستی پەروەردەکردن و بارهێنان و مەبەستەکانی تر.

٩- لە پرۆسەی ڕێکخستنی ئامۆژگارییەکاندا، کۆمیسیۆن دەبی بە شێوەی نەپساوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و نوێنەرە ناسراوەکانی هەموو چین و توێژەکانی ناوچەکان لە وتووێژ و گفتوگۆدا بێت.

١٠- ســێ وڵاتــی هاوپــەیمان دەبــێ بەتــەواوی بــۆ ســەلماندنی ئامۆژگارییەکانی کۆمیسیۆن هەوڵبدەن کە دەوڵەتی ئێران وەک یاسا ئەوان بەکار بهێنێت و تێبکۆشێ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەڕێوەبچن، یان جێبەجێ بکرێن.

١١- کۆمیسیۆن نابێ ئامۆژگاریی وا بدات کە ببێتە هۆی لاوازکردنی بنچینەی یەکیەتیی دەوڵەتی ئێڕان.

١٢- یەکــەم هەڵبژاردنــەکانی هــەرێمیی دەبــێ لــەژێر چــاودێریی کۆمیسیۆن بەڕێوە بچن[١].

١- ئەرشــیفی وەزارەتــی دەرەوەی ڕوســیەی فیــدراتیف ئــو١، د ٨، پ ٢، لاپــەرەی ٧ و ٨ دیسـێمبەری ١٩٤٥. بڕوانــە کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کوردسـتان، لاپـەڕەی ١٦٦ و ١٦٧، نوسـینی حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤، هەولێر.

زیائەدین تەباتەبایی و دانانی ٥٠% ی باجە کۆکراوەکان بۆ پێویستییە ناوچەییەکان، پەلەبکەن.

جێی بەبیرهێنانەوەیە کە بەگوێرەی بڕیاری ڕۆژی ۱۳۲٤/۳/۱٦ (۱۹٤٥/٦/٦) کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، دەبووایە هاوشان لەگەڵ بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ئازەربایجان لە گیلان، مازندەران و خۆراسانیش بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانە پێکبێت. بە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران و کارگێڕانی سیاسی لە تەورێز و کۆنسۆلخانەکانی ئەو هەرێمانەی سەروو، فەرماندرابوو کە دەربارەی ئایندەی بزوتنەوەی دیموکراتیی لە باشوری دەریای خەزەر و خۆراسان، پێشنیازی خۆیان بدەن.

لە نوسراوێکدا کە ڕێبەری حیزبی تودەی ئێران بە ناوی **"هەلومەرجی سیاسی ئێران و بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی بزوتنەوە دیموکراتییەکان"** ئامادەی کردبوو، دەگوترا هەلومەرجی جیهان بۆ بەرێخستنی بزوتنەوە دیموکراتییەکان لەبارە. ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات لە سەرەتادا ئایندەیەکی ڕۆشنیان بۆ بزوتنەوە لە باشوری دەریای خەزەر نەدەبینی و بە ڕای ئەوان لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ئومێدێک بۆ ئەو دیاردەیە نیە، چونکە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، هەلومەرجەکە بە قازانجی ئێران دەگۆڕێت، بەڵام لە بەڵگەنامەیەکدا کە بە هاوبەشیی تودەییەکان ئامادەکرا و ڕەوانەی باکۆ و مۆسکۆ کرابوو، دەگوترا دۆخی ئێستای ئێران ڕێی دەربازبوونی نیە و توانای سوپا کە تەنیا پێگەی حکومەت بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر لەناوچووە و لە بەرامبەر دیموکراتەکانی ئازەربایجاندا نەیانتوانی بەرگەی بەرەنگاربوونەوە بگرن. دوای ئەو سەرەتایە، پێشنیازیان کردبوو کە لە گیلان، مازندەران، گورگان، تورکمان سەحرا، تەنانەت لە تارانیش، کودەتایەکی "دیموکراتیی" بکرێت.

تاوانباردەکرد کە پشتی بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان دەگرێت و هەولّی لەناوبردنی حیزبی تودە دەدات. ڕێکخراوی هەوالّدەریی ئازەربایجانی سۆڤیەت کردەوەی ئاوانسیانی بە بەستراوەیی ئەو بە دەزگاکانی هەوالّگریی بێگانە، یان داشناکەکان "فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی ئەرمەنەکان" دەبەستەوە. لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانەی ڕێکخراوی تایبەتیی ئازەربایجانی سۆڤیەت، کۆمیساریای ئەمنییەتی یەکیەتی سۆڤیەت، ئاوانسیانی لە دەستێوەردانی ئازەربایجان دورخستەوە و بۆ ماوەیەک لە ئێرانەوە ناردیان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت.

کاتێک لە هاوینی ١٣٢٤(١٩٤٥) دا عەبدولسەمەد کامبەخشیان بە نهێنی برد بۆ باکۆ، لەوێ هەستیان بە دژایەتی ئەو لەگەڵ بزوتنەوەی دیموکراتیی ئازەربایجان کرد. ڕێکخراوی هەوالّدەریی ئازەربایجانی سۆڤیەت بە کەسێکی توندڕەو و شۆڤێنیی فارس دەناسی و لە ئەنجامدا بۆ دورراگرتنی لە چالاکییەکانی تەورێز، ناردیان بۆ تاران. پیشەوەرییش چەند جارێک گومانی خۆی لە شۆڕشگێڕیی کامبەخش ڕاگەیاندبوو. میر جەعفەر باقرۆڤیش بۆ مۆلۆتۆڤی نوسیبوو کە لە پەیوەندییەکاندا لەگەڵ کامبەخش هۆشیاربێت[١١].

ڕای نێگاتیڤی ژەنەراڵ یملیانۆڤ سەبارەت بەو پلانەی کە لە تارانەوە بۆ گەشەپێدانی بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئێراندا ڕەوانە کرابوو، لە لایەن باقرۆڤ و کاربەدەستانی کرێملینەوە پەسەندکرا و لە ئەنجامدا ڕێکخستنی بزوتنەوە دیموکراتییەکان لە گیلان، مازندەران، گورگان و خۆراسان بە شێوەی کاتیی ڕاگیرا.

بەو پێیە دەکرێ بڵێین ڕێبەری فیرقەی دیموکرات سەرەڕای ویستی دەروونیی خۆی سەبارەت بە سەربەخۆیی ئازەربایجان و بەئاوات گەیشتنی مافی نەتەوەیی، لە ئاکامی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئازەربایجانی باکورد و یەکێتی سۆڤیەت و بەرژوەندەکانی سیاسیی

سۆڤیەت، لەنێوان خودموختاریی و سەربەخۆییدا سەرگەردان بوو. لە لایەک وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دەکرد و لە لایەکی تردا وەک پێشوو، لەگەڵ دەوڵەت و ئۆپۆزسیۆنی ئێران خەباتی دەکرد و لە خودموختاریی دەدوا. ئەو کێشەیە دواتر کۆماری کوردستانیشی گرتەوە.

١- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە ١٩٣٩- ١٩٤٥: AR SPIHMDA ,f, 1,s,89,.i, 97 ,v.35

٢- هەمان سەرچاوە: 1AR SPIHMDA , f, 1,s,89.i.90.v.286

٣- ئازەربایجان، ١٩٤٥، ٢٣ ی سپتێمبەر.

٤- ئازەربایجان کێشەی نێوان تاران، باکۆ و مۆسکۆ لە: ١٩٣٩- ١٩٤٥ , AR SPIHMDA f,1,s,89, v.281

٥- هەمان سەرچاوە: Ibid, v.283

٦- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1 s,89,i,138,v,10-13

٧- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,97,v,208

٨- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,110,v,42-45

٩- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,113,v,29

١٠- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 22

١١- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89,i,187,v,75-78

# قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان

محەمەد قازی کوڕی عەلی قازی کوڕی قاسم قازی ڕۆژی یەکی ئاپریلی ١٩٠٠ی زایینیی لە بنەماڵەیەکی ئاییینییدا لە مهاباد هاتە دنیاوە. لە خزمەت قازی عەلی بابی و "ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات"ی مامیدا کە مامۆستایەکی فرەزانی سەردەمی خۆی بوو، زمان و ئەدەبیاتی کوردیی خوێند و لە لایەن مامۆستایان میستەر میلێر و میس میسداڵەوە فێری زمانی ئینگلیزیی بوو. مەلا حوسێنی مەجدی فێری قورئان خوێندنی کرد و هەر لەو ڕێیەشەوە فێری زمانی عەرەبیی بوو، هەروەها مامۆستا عەبدولڕەحمانی موکریانیی "گیو" لە فێرکردنی زمانی فەرەنسییدا یارمەتیدا.

سەرەتا قازی محەمەد بەرگی ئاییینیی "عەبا و عەمامەی عەرەبیی" دەپۆشی، دواتر تەنیا عەمامەکەی هێشتەوە و لەجیاتی عەبا، جاکێت و پانتۆڵی ئەوروپایی لەبەرکرد. دوای تەواوکردنی خوێندن لە لای قازی عەلی باوکی و سەیفولقوزاتی مامی و مامۆستایانی ئەو سەردەمە، بە پلەی قازییەتی گەیشت، بەڵام تا قازی عەلی بابی لە ژیاندابووە، بە شێوەی ڕەسمیی ئەرکی قازییەتی نەکرد و سەردەفتەری دەفتەرخانەی ژمارە دووی مهاباد بوو.

ساڵی ١٩٢٤ لە تەمەنی بیست و چوار ساڵییدا بەڕێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی شاری مهاباد بووە و ساڵی ١٩٢٦ بە خۆکشاندنەوەی سەیفولقوزاتی مامی لە ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد، پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ئەو ئیدارەیەی وەرگرت. محەمەدی قازی لە سەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا لە پەروەردەی مهاباد، دوو خوێندنگەی دامەزراند. یەکێکیان خوێندنگەی "پەهلەوی" خوێندنگەیەکی بەزۆر بوو، ئەوی تریان خوێندنگەی "پرماس" بوو کە دواتر ناوی خوێندنگەی "پەروانە"، واتە پەپولەی لێنرا.

ساڵی ١٩٣١، محەمەدی قازی دوای کۆچی دوایی قازی عەلی باوکی، لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە کرا بە قازی ناوچەی مهاباد، بەڵام لە ساڵی

١٩٣٦ دا بە هۆی قسەکردنی بە زمانی کوردیی بۆ سەربازەکانی سەربازگەی مهاباد و ڕەخنەگرتنی لە کردەوەی دزێوی فەرمانبەرەکانی حکومەت لە کوردستان، لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتی ڕەزا شاوە، پلەی قازییەتی لێ سەندرایەوە و دوای داگیرکردنی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن سوپای هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهانیی لە ٢٥ ی ئاگۆستی ١٩٤١ دا و دورخستنەوەی ڕەزا شا لە ئێران و ناردنی بۆ دورگەی مۆریس، دووبارە محەمەدی قازی گەڕایەوە سەر کارەکەی و پلەی پێشووی وەرگرتەوە.

هەر وەک لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بینیمان، دوای جێگیربوونی لەشکری سوری سۆڤیەت لە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، محەمەد قازی یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کە لە دیسێمبەری ساڵی ١٩٤١ لەگەڵ ٣٠ دەرەبەگ، خاوەن موڵکی گەورە و کەسایەتی کورد، بانگکران بۆ باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەت.
محەمەد قازی بە هۆی پلەی چینایەتی و کار و بەرپرسایەتییەکەیەوە، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچەی موکریان هەبوو. لەبەرئەوە سەرەتا بە دڵ ڕێزی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان نەدەگرت و بۆ خۆشی زۆر جێی ڕێز و خۆشەویستیی ڕێبەرانی کۆمەڵە نەبوو، تەنانەت لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەوە ڕەخنەی لێدەگیرا.

لەم ڕوانگەیەوە، کاتێک کۆمیساریۆڤ کۆنسۆلی سۆڤیەت لە ورمێ لە ٢٨- ٣٠ ی جانواری ١٩٤٤ سەردانی مهاباد دەکات و چاوی بە مستەفا سوڵتانیان ئەندامی شورای شار و ئەندامی هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە دەکەوێت، سوڵتانیان دەربارەی محەمەدی قازی پێی ڕادەگەیەنێت:
**- (محەمەدی قازی سیاسەتێکی ناڕونی هەیە، یارمەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەدات و لە هەمان کاتیشدا هاوکاریی ئێرانییەکان دەکات بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بۆ لای دەوڵەت.)** هەروەها کۆمەڵەی ژێکاف لە نامەیەکی ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٣یدا بە ئیمزای عەبدولرەحمانی زەبیحی بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ کۆنسۆلی سۆڤیەت لە تەورێز بۆ حەسەنۆڤ دەنوسێت:

**کۆمەڵەی ژ. ک**
**ئیدارەی ناوەندی**
**١١ ڕەزبەری ١٣٢٣- ١٩٤٤/١٠/٢**
**بژی کورد و کوردستانی گەورە**
**گەشتی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ گفتوگۆ کە ئامانجیان بۆ ئێمە ڕوون نییە**
**بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە مهابادەوە، سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک "قەرەنی ئاغای مامەش، عەولاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک و قازی محەمەد" دەچنە ورمێ و لەوێوە دەچنە تاران.**
**مودیری بەشی مطبوعات**
**عەبدولرەحمانی زەبیحی**[١]

پێش ئەوەی کە قازی محەمەد بە ئەندامەتی کۆمەڵەی ژێکاف وەربگیرێت، خەڵکی مهاباد شورایەکیان پێکهێنا کە ئاساییشی شار دابینبکات و سەرۆکایەتی ئەو شورایەیان بە قازی محەمەد سپارد[٢]. کەسایەتی بەرز و ڕادەی ڕێز و خۆشەویستیی محەمەد قازی لە ناو خەڵک و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەدا و زەقبوونەوەی ڕادەی لێهاتوویی لە کارەکانیدا بۆ خەڵک و بەتایبەتیی ڕوسەکان، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ناچارکرد کە داوای لێ بکات کە سەرۆکایەتی کۆمەڵە بکات. بەو مەبەستە سەرەتا داوای ئەندامەتی لە کۆمەڵەدا لێ کرد و ئەویش وەڵامی پۆزەتیڤی بە داخوازیی سەرکردایەتی کۆمەڵە دایەوە و چووە ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە. دوای بە ئەندامبوونی لە کۆمەڵەدا، هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵە لە خەزەڵوەری ١٣٢٣، کۆتایی ئوکتۆبەر و سەرەتای نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٤٤ دا سەرۆکایەتی کۆمەڵەی بە محەمەدی قازی سپارد.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر چوونی قازی محەمەد بۆ ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و نزیکەی یانزە مانگ بەسەر چوونی کۆمیساریۆف بۆ مهاباد، ڕۆژی ١١ی جانواری ساڵی ١٩٤٥ مائۆیف کۆنسوڵی سۆڤیەت سەردانی مهاباد دەکات و لە لایەن ئیبراهیم ئیبراهیمیان "نەوجەوان"، مستەفا سوڵتانیان، عەلی ڕیحانی، ئەحمەد

ئیلاهـــی، خـــەلیل خەسـرەوی، قـــادر قـــازی و محـەمـــەد دڵشـــاد ڕەسـولّی نوێنـەرانی کۆمـەڵـە پێشوازیی لـێ دەکرێت. نوێنـەرانی کۆمەڵـە داوا لـە کۆنسـوڵی ڕوسـیا دەکـەن کـە کۆمەڵــەی پەیوەندییــە فەرهەنگییــەکانی سۆڤیەت و کـورد لـە مهاباد دابمـەزرێت. لـە وەڵامـی پرسـیاری مائۆیڤدا سـەبارەت بـە ئەنـدامی بەڕێوەبـەریی کۆمەڵــەی فەرهــەنگیی، دەڵـێن: گونجاوترین و باشترین مرۆڤ بۆ ئەم پۆستە قازی محەمەدە[٣].



قازی محەمەد لە ژوری کارەکەیدا، لە کێبی کۆماری کوردستان ١٩٤٦، ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە

هـەر وەک پێشـتر بینیمـان محەمـەد قـازی جـارێکی تـریش لـە مـانگی ڕەزبـەر، کۆتـایی سـپتێمبەری سـاڵی ١٩٤٥ دا سـەردانی "بـاکۆ"ی کـرد و لەوێ چاوی بە باقرۆف سەرۆککۆماری ئازەربایجان کەوت. ئەنجامی ئـەو دیـدارەی محەمـەد قـازی و یـاوەرانی، هەڵوەشـانی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان و دامـەزرانی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی بـە دواوە بـووکـە دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە.

١- بەڵگەنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە زمانی تورکیی. بۆ بینینی بڕوانە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نوسینی نوسەری ئەم بابەتە، لاپەڕەی ١٢٥- ١٢٦.

٢- ئاڵەکۆک، نوسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نوسەری ئەم بابەتە، لاپەڕەی ٢٦.

٣- بەڵگەنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بە زمانی تورکیی. بۆ بینینی بڕوانە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، نوسینی نوسەری ئەم بابەتە، لاپەڕەی ١٢٦- ١٢٧.

**٣- دابینکردنی ئارامیی و ئاساییشی ناوخۆ لەسەر شانی ئۆرگانەکانی تری ئازەربایجان بێت.**
**٤- کارە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئازەربایجان بە زمانی ئازەربایجانیی و نوسینەکانی تر لەگەڵ تاران بە زمانی فارسیی بێت.**
**٥- خوێندن لە خوێندنگەکاندا تا پۆلی سێیەم تەنیا بە زمانی ئازەربایجانی دەبێت. بەدوای پۆلی سێیەمدا لەگەڵ زمانی ئازەربایجانی، زمانی ئینگلیزیش دەخوێنن. دەکرێ زمانی فارسیش بە وانە بگوترێتەوە.**
**٦- زەوی و موڵکە دابەشکراوەکان بەسەر جوتیارەکاندا، وەک خۆیان دەمێننەوە. دەوڵەت قەرەبووی نرخی زەوییە دابەشکراوەکان دەکاتەوە و جوتیارەکانیش بەرەبەرە پارەکەی دەدەنەوە بە دەوڵەت.**
**٧- ئەو یاسایانەی کە تا ئێستا حکومەتی نەتەوەیی پەسەندی کردوون، لە لایەن تارانەوە قبوڵ دەکرێن. نابێت دەوڵەتی ئێران دیموکراتەکان بە تۆمەتی خەرجکردنی بودجەی دەوڵەت، داگیرکردنی زەویی و موڵک، دادگاییکردنی کەسانی جۆراوجۆر و دورخستنەوەیان لە ئازەربایجان، سزای لەسێدارەدان، یان سزایەکی تریان بدات.**
**٨- ژمارەی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران بۆ ئازەربایجان، دەبێت بە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانی ئازەربایجان زیاد بکرێت.**
**٩- کەسانێک کە بە تاوانی دوژمنایەتیکردنی بزوتنەوەی دیموکراتیی لە ئازەربایجان دورخراونەتەوە، نابێت بگەڕێنرێنەوە[٥].**

نوێنەرانی ئازەربایجانی سۆڤیەت داوایان لە پیشەوەریی کرد کە وتەکانی بخاتە سەر کاغەز و بە نوسراو ئاراستەیان بکات، بەڵام پیشەوەریی گوتی لە بواری دەرونییەوە لە بارودۆخێکدا نیە کە بتوانێت قەڵەم بگرێتە دەست و شتێک بنوسێ، داوای لێیان کرد کە باسی توڕەبوونەکانی بۆ هاوڕێ باقرۆف نەگێڕنەوە. لە کۆتاییدا پیشەوەریی بە هەردوو دەستی ڕومەتەکانی ئیبراهیمۆڤی گرت و بە گاڵتەوە گوتی: **(لە سەروبەندی ڕۆیشتنتاندا، یەک دوو وشەتان پێدەڵێم و وتووێژتان لەگەڵ دەکەم.)** میرزا ئیبراهیمۆڤ وەڵامیدایەوە: **(ئێمە هیچ کارێکی خراپمان نەکردووە کە لەگەڵ تۆ بۆ وتووێژ ببێت.)**

ئێپکچیان وتووێژیان کرد و بڕیاریاندا ئەم کەسانەی خوارەوە بۆ وتووێژکردن لەگەڵ لیژنەی ئێرانیی پێشنیاز بکرێن: سادق پادگان، سەلامولا جاوید، فەرەیدون ئیبراهیمیی دادیار، سادق دیلمقانیی گەورە بازرگان و ئەندامی هەیئەتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی نەتەوەیی، نەسرەتولا جهانشاهلو جێگری سەرۆکوەزیران و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی بە نوێنەرایەتی لە لایەن کوردەکانەوە(٧).

١- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦:
AR SPIHMDA , f,1, s. 89, i. 112, v. 76-77

٢- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 74- 75

٣- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f,1,s,89.i, 110,v, 63-64

٤- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f, 1,s,89.i, 114,v, 122

٥- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 56- 57

٦- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f, 1,s,89.i, 117,v, 62-63

٧- هەمان سەرچاوە AR SPIHMDA , f, 1,s,89.i, 114,v124- 127

بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی ڕاوەستان. لە کۆنسوڵخانە بە نەرمیی و ڕێزەوە پێیانڕاگەیاندن کە دەبێت ملکەچی بڕیاری ئەنجومەنی ئەیالەتیی ببن و بەرگریی نەکەن. زۆربەیان گوتیان نایانەوێت خۆیان بدەنە دەست قەسابەکانی قەوام و لە سنوری سۆڤیەت دەرباز دەبن.

١- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦:
Forein Relation of the US,1946 , Volume VII, p. 551-553
٢- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f.1,s,89,i,117,v.129- 130
٣- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,114,v.212- 215
٤- هەمان سەرچاوە: Ibid, v. 146
٥- هەمان سەرچاوە: - Forein Relation of the US,1946, Volume VII, p.556-557
٦- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.117- 131
٧- هەمان سەرچاوە: . N. s. Fatemi. Oil Diplomacy. p. 322
٨- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,114,v.218- 230
٩- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,157,v.105
١٠- هەمان سەرچاوە: Forein Relation of the US, 1946, Volume VII, p.561
١١- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,114,v.153
١٢- هەمان سەرچاوە: AR SPIHMDA , f. 1,s,89,i,112,v.147- 154

# ناوی شەهیدەکان و گیراوەکانی کۆماری کوردستان

بەرلە هەرەسهێنانی، کۆماری کوردستان چوار شەهیدی هەبوو بەو ناوانەی خوارەوە:

سعید بەگ لە هێزی حەمەدی وسین آغای، روژی ۱۳۲۵/۲/۲۵ (۱۹٤٦/٥/۱٥) لە شەڕی ناوچەی سەردەشت.

خۆشەوی کوڕی خەلیل خۆشەوی، پێشمەرگەی هێزی بارزانییەکان، ڕۆژی ۱۳۲۵/۳/۲۵ (۱۹٤٦/٦/۱٥) لە شەڕی مامەشە.

محەمەد ئاغای شقۆیڤ ڕۆژی ۱۳۲۵/۳/۲۵ (۱۹٤٦/٦/۱٥) لە شەڕی میرەدێ.

محەمەد نانەوازاد فەرماندەی هێزی ناوەندیی کۆمار، ڕۆژی ۱۳۲۵/٤/۲۵ (۱۹٤٦/۷/۱٦) کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە کەلیخان.

بە دوای هەرەسهێنانی کۆمار و جێگیربوونی یەکەکانی سوپای ئێران لە مهاباد، پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حزبیی و حکومیی لە مهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کران. پێشتر ئاماژەم بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵانی کرد.

هەشت ڕۆژی دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی، ڕژێمی ئێران شازدە ئەفسەر و خەباتکاری تری کۆماری کوردستانی لە مهاباد و سەقز و بۆکان لەسێدارەدا کە ناوەکانیان بریتی بوو لە:

حامید مازووچی، ڕەسوڵ نەغەدەیی، عەبدوڵا ڕەوشەن فیکر و محەمەد نازمی، ڕۆژی ۱۳۲٦/۱/۱٦ (۱۹٤۷/٤/٦) لە مهاباد لەسێدارە دران[1].

شێخ ئەمین ئەسعەدی، شێخ سدیقی ئەسعەدی، عەلی ئاغا جەوانمەردی، ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی، ئەحمەدخانی فاڕوقی ناسراو بە "سالار"، عەبدوڵا خانی مەتین، محەمەد خانی دانیشوەر، ئەحمەدخانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، مەحەمەد بەگی فەیزوڵا بەگی، حەسەنخانی فەیزوڵابەگی، ڕۆژی ۱۳۲٦/۱/۱٦ (۱۹٤۷/٤/٦) لە سەقز لەسێدارە دران.

